گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپـەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(1).Paper6
ڕێـکـەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٢/٠٩/١٦
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١١/١٦
ڕێـکـەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٠٢/٢٨

# شیکردنەوەی هۆکارەکانی کۆچکردنی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات

## (توێژینەوەیەکی مەیدانییە بۆ بژاردەیەک لەو گەنجانەی کۆچی دەرەوەی وڵاتیان کردوە)

ادریس سلێمان عبدالله[1] - محمد مستەفا برایم[2]
m.muhamad.m@gmail.com Idrees.abdullah@su.edu.krd
[1]بەشی ئابوری، کۆلێژی کارگێڕی و ئابوری، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[2]خوێندنگای ئامادەیی چوارقوڕنەی تێکەڵاو، بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕانیە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی ڕاپەڕین، ڕانیە، وەزارەتی پەروەردە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

### پوختە:

کۆچ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە لە کۆنەوە لەگەڵ بونی مرۆڤەکان هەبوە، بەڵام بە شێواز و ڕێژەی جیاواز بەپێی بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی و هەڵکەوتەی جوگرافیایی شوێنەکەیان، بەشێوەیەکی گشتی کۆچکردنیش بوەتە هۆی دروستبونی فرە کلتورییەتی لە نێوان گەلاندا، جگە لەمەش بەشداری لە پێکهێنان و دروستکردنی چەندین کۆمەڵگەدا کردوە، هۆکارەکەی تەنها ئابوری و بژێوی نەبوە، بەڵکو چەندین پاساوی دیکەی هەبوە وەک جەنگ و ڕوداوە سروشتییەکان و چەوساندنەوەی ڕامیاری و ئایینی، بۆیە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی زیاتر دەربارەی دیاردەی کۆچکردنی گەنجانی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوەی وڵات، هەروەها دەستنیشانکردنی ئەو هۆکار و هاندەرانەی کە دەبنە هۆی کۆچکردن، هەروەها چ دەرەنجام و کاریگەرییی کۆمەڵایەتی و ئابوری لەسەر کۆمەڵگا هەیە، توێژینەوەکە لەسەر بژاردەیەک جێبەجێکراوە کە پێکهاتوە لە (162) کەس، کە کۆچیان بۆ دەرەوەی وڵات کردوە، و فۆرمی ڕاپرسییەکە وەک ئامرازێکی سەرەکی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی ئەم توێژینەوەیە لەڕێگای (google form) بەکارهاتوە، و توێژینەوەکە گەیشتوە بە چەند دەرەنجامێک، کە گرینگترینیان ئەوەیە، هۆکاری ئابوری و کۆمەڵایەتی هاندەر و پاڵنەری سەرەکین بۆ کۆچکردنی گەنجان بۆ دەرەوەی هەرێم،

وەکو ئارەزوی بەدەستهێنانی کارو باشکردنی باری ماددی و مسۆگەرکردنی داهاتوی خۆی و خێزانەکەی، هەروەها بۆ پێکهێنانی کەسـایەتی و پەرەپێدانی ڕۆشـنبیریەتی خۆی بە سـودوەرگرتن لە ئامرازە پەروەردەییە هـاوچەرخەکـان کە لەم وڵاتەدا هەیە، کە کۆچی بۆ دەکـات، هەروەهـا وڵاتی بنەڕەتی کەمتەرخەمە لە ئاسـت گرینگیدان بە توانا و بەهرەکانیان و گەشـەپێدانیان، جگە لەمەش کۆچکردن کاریگەریی زۆری هەیە لەسـەر کۆمەڵگا بۆنمونە کەمبونەوەی کارامەیی زانسـتی لەنێو کۆمەڵگادا، کە ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئەگەری گەشـەکردنی کۆمەڵگا، هەروەها کەمبونەوەی فاکتەرەکانی بەرهەمهێنان لە کۆمەڵگادا و دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنان.

**کلیلە وشە:** کۆچکردن، گەشەپێدان، گەنج، دەستی کار، هەرێمی کوردستان

## پێشەکی:

لە ئێسـتادا کۆچکردنی گەنجان بوەتە گرفتێک، کە زۆربەی وڵاتان پێیەوە دەناڵێنن، هەر وڵاتە و بەپێی بارودۆخی ڕامیاری و ئابوری خۆی، ئەوە دیاردەیەکە، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسـەر ڕەوشـی کۆمەڵایەتی و ئـابوری و کەلتوری و ڕامیـاری هەیە، ئەمەش وایکردوە کە وڵاتـان بە تـایبەتی وڵاتـانی زەرەرمەند لە کۆچکردن چەندین ڕێوشـوێنی کارا بگرنەبەر بۆ چارەسـەرکردنی و سـنوردارکردنی، و لە کوردستانیش حکومەتی هەرێم ڕێوشوێنی کارایی گرتۆتەبەر بۆ سنوردارکردنی ئەم دیاردەیە، لەبەرئەوەی ئەم گەنجانە سـەرمایەی کارای دیاری کۆمەڵگان بە لەبەرچاوگرتنی لێهاتویی و کارامەیی و پسـپۆریان کۆمەڵگا پەرەپێدەدەن و نەوەکانی داهاتو پێدەگەیەنن، کۆچکردن بە یەکێک لە فاکتەرە گرنگەکان دادەنرێت، کە کاریگەریی لەسەر گەشەی دانیشتوانی هەر وڵاتێک هەیە، ئینجا وڵاتێکی ڕەسەن یان کۆچبۆکراو بێت.

کۆچکردن دیاردەیەکی زۆر بڵاوە، چونکە مرۆڤ هەردەم لە جوڵەدابوە گەڕاوە بە دوای خۆراک و سەرچاوەی ئاو، دواتر پێداویستییەکانی پەرەیان سەند، بۆیە دەستیکرد بە گەڕان بەدوای زەوی کشتوکاڵی بۆ دابینکردنی پێداویسـتییەکانی. پێداویسـتیی مرۆڤ بۆ گەڕان و گواسـتنەوە لەگەڵ پێشـکەوتنی ژیانی ئابوری پەرەیسـەند، بۆ گەڕان بە دوای بارێکی باشـتری کۆمەڵایەتی و ئابوری و زانسـتی و ڕامیاری، هەروەها ئەو گواستنەوەیە بە شێوە جیاوازەکانی دەبێتە هۆی دروستبونی کۆچکردن.

## یەکەم: گرفتی توێژینەوەکە:

گرفتی توێژینەوەکە پرسـیارێکی سـەرەکی لەخۆدەگرێت ئەویش ئەو هۆکارانە چین کە لە پشـت دیاردەی کۆچکردنی گەنجانەوەن لە هەرێمی کوردسـتان؟ و ئەم پرسـیارەش چەندین پرسـیاری لاوەکی دیکەی لێدەبێتەوە، کە ئەوانیش بریتین لە:

1. هۆکاری سەرەکییەکانی کۆچکردنی گەنجان بۆ هەندەران چین؟

2. دەرئەنجامە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئەم دیاردەیە لەسەر لایەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی کوردستان چین؟

### دووەم: گریمانی توێژینەوە:

گریمـانەی توێژینەوەکە لەمەدا خۆی دەبینێتەوە، کەوا (هۆکـارە ئـابورییەکـان و دابینکردنی بژێوی ژیان بە هۆکاری ســـــەرەکی کۆچکردنی گەنجانی هەرێمی کوردســـــتان بۆ دەرەوە دادەندرێت بەراورد بە هۆکارەکانی تر)

### سێیەم: گرنگی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە گرینکی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە باس لە کۆچکردنی چینێکی کارایی نێو کۆمەڵگا دەکات، ئەوانیش ئەو گەنجانەن، کە گرنگترین پێکهاتەی دانیشتوانن لە ئێستا و داهاتو، چونکە هێشتا چینی گەنجان لە پرۆســەی ڕاهێنان و ئامادەكاري دان و ڕۆڵی کارایان هەیە لەســەر بنیادنان و بەرەوپێشــچونی کۆمەڵگا.

لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین گرنگی توێژینەوەکە لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورتبکەینەوە:

1. ئەم توێژینەوەیە باس لە بابەتێکی گرنگ و زیندو و واقیعی دەکات، بەپێی زانیارییەکانی توێژەران تاکو ئێســـتا توێژینەوەیەک لەم بارەوە نەکراوە، ئەویش دیاردەی کۆچکردنی گەنجانە بۆ دەرەوەی وڵات و دیاریکردنی هۆکارەکان و شیکردنەوەی دەرئەنجامە ئەرێنی و نەرێنییەکانی لەسەر ئابوری کوردستان.
2. ئەم توێژینەوەیە یارمەتیدەرە بۆ بڕیاردەران کە بتوانن بە شێوازیکی پڕاکتیکی هۆکارەکان دەستنیشان بکەن و هەوڵبدەن چارەســــەریان بکەن بە مەبەســـتی کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی کۆچی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات.

### چوارەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیە توێژەران هەوڵدەدەن بەم ئامانجانەی خوارەوە بگەن:

1. دیاریکردنی قەبارەی دیاردەی کۆچکردنی گەنجانی کورد بۆ دەرەوە.
2. دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی کۆچکردنی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات.
3. دیاریکردنی دەرئەنجامە ئابورییەکانی ئەم دیاردەیە لەسەر لایەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی کوردستان.
4. خســتنەڕوی چەندین ڕاســپاردە و پێشــنیار کە بەشــداربن یان هەوڵێک بن بۆ کەمکردنەوەی کۆچکردن، یان کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی دیاردەی کۆچکردنی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات لەسەر کۆمەڵ.

### پێنجەم: سنوری توێژینەوەکە:

1. سنوری شوێنی: کۆچکەرانی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە کە کۆچی دەرەوەی وڵاتیان کردوە.

2. سنوری ماوەیی (کات): لەڕوی سنوری ماوەییەوە توێژینەوەکە بۆ ساڵی (2021 – 2022) ئەنجامدەدرێت.

### شەشەم: میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفیە، کە پشت دەبەستێت بە شێوازی ڕاپرسی، کە ئامانج لێی باسکردنی هۆکارەکانی کۆچکردنی گەنجانە بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان، بەشێوەیەکی گشتی ئەو توێژینەوانەی پشت بە ڕاپرسی مەیدانی دەبەستن گرنگی بە خستنەڕوی ڕاستییەکان دەدەن وەکو خۆی لە ڕێگەی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری بە شێوەیەکی مەیدانی، بۆ دیاریکردنی دۆخی ئێستا و پەرەپێدانی لە داهاتودا، بە ئامانجی گەیشتن بە زانیاری ورد و گشتگیر و پێویست بۆ بابەتی توێژینەوەکە.

### حەوتەم: ئامرازی توێژینەوەکە:

توێژەران پشتیان بە ئەنکێتی پرسینەوە (فۆڕمی ڕاپرسیی) بەستوە بە مەبەستی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری دەربارەی دیاردە و گرفتی کۆچکردنی گەنجان، ئەویش لە ڕێگای بەکارهێنانی (google form) بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی، لەبەرئەوەی نمونەی توێژینەوەکە ئەو گەنجانەن لە ئێستادا لە دەرەوەی وڵاتدا دەژین و لە ماوەی ڕابردودا کۆچیان کردوە، جێگای ئاماژە پێدانە بە مەبەستی دابەشکردنی فۆڕمەکە لەسەر ئەو گەنجانەی کۆچی دەرەوەی وڵاتیان کردوە، توێژەران لە ڕێگای کۆنسوڵگەری و نوێنەراتییەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوەی وڵات فۆڕمەکانیان دابەشکردوە.

## بەشی یەکەم: چەمکە گشتییەکانی کۆچکردن

### تەوەری یەکەم: پێناسەکردنی کۆچکردن و کۆچکەر

پێویستە وەکو هەنگاوێکی سەرەتایی دەست بە پێناسەکردنی کۆچکردن بکەین، وەکو دەستەواژەیەکی گشتی، چونکە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕامیارییە، دواتر ڕونکردنەوەی جۆرەکانی، کە کۆچکردنی نێودەوڵەتی تێدایە.

### یەکەم: پێناسەی کۆچکردن:

دەتوانین پێناسەی کۆچکردن بکەین، بەپێی ئەمانەی خوارەوە: (رشید، ٢٠١٢، ١٤)

1. **پێناسەی واتایی:** کۆچکردن واتە جێهێشتن یان چونەدەرەوە لە خاکێک بۆ خاکێکی دیکە بە دوای بژێوی، یا زانست یان چارەسەر یاخود هەر سودێکی دیکە بێت. هەروەها کۆچکردن بە گشتی، واتە گواستنەوە بۆ ژیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بە نیازی مانەوە بۆ ماوەیەکی درێژ لە شوێنە نوێیەکە.

2. **پێناسەی دەستەواژەیی:** دۆزینەوەی پێناسەیەکی وردی نێودەوڵەتی بۆ کۆچکردن تاڕادەیەک ئەستەمە، بەهۆی ئەو هەمو تێروانینە جیاوازە، کە لەلایەن گەلانی جیهان پێشـــکەشـــکراون و بەکاریدەهێنن بۆ کۆچکردن بەپێی بەدیهێنانی ئامراز و ئامانجەکانیان. بەشێوەیەکی گشتی، کۆچکردن، وەکو گواستنەوەی مرۆڤ لە شـوێنێکەوە بۆ شـوێنێکی دیکە دەبینرێت، هەروەها هێندێک جار ئەو کۆچکردنە تاکەکەسـییە یان بە کۆمەڵە بەهۆی چەند هۆکارێکی ڕامیاری یا ئابوری یان کۆمەڵایەتی یاخود سەلامەتی.

## دوەم: پێناسەکردنی کۆچکەر:

کۆچکردن تەنیا گواســـتنەوەیەکی جەســـتەیی لە شـــوێنێکەوە بۆ شـــوێنێکی دیکە نییە، بەڵکو هەڵوێسـتێکی دەرونی و سـایکۆلۆژییە لەلایەن خودی ئەو کەسـەوە. نەتەوە یەکگرتوەکان پێشـنیازی کردوە کۆچکەران بۆ ئەم جۆرانەی خوارەوە دابەشبکرێن. (رشيد، ٢٠١٢، ١٤)

1. **کۆچکەری هەمیشـەیی:** ئەو کەسـەیە، کە ڕێپێدانی نیشـتەجێبونی وەرنەگرتوە، بەڵام بە نیازە لە وڵاتەکە بۆ ماوەی زیاتر لە سـاڵێک بمێنێتەوە، واتە ئەو کەسـە مافێکی یاسـایی بەدەسـت دەهێنێت، کە ڕێگەی پێدەدات لە وڵاتەکە نیشتەجێبێت.
2. **کۆچکەری کاتی:** ئەو کەسـەیە، کە ڕێپێدانی نیشـتەجێبونی بەدەسـتنەهێناوە، واتە ئەو کەسـەیە دەیەوێت پیشەیەک لەم وڵاتە ئەنجام بدات، و داهاتێک لە وڵاتەکەوە بەدەستبهێنێت بۆ ماوەی ساڵێک یان کەمتر.
3. **سەردانکەر:** ئەو کەسەیە، کە ڕێپێدانی نیشتەجێبونی بەدەستنەهێناوە، بەڵام دەیەوێت بۆماوەی ساڵێک یان کەمتر بمێنێتەوە، بە بێ ئەنجامدانی هیچ پیشەیەک، هەروەها داهاتی خۆی و خێزانەکەی لە وڵاتەوە دێت کە خۆیی لێی کۆچکردوە.
4. **نیشـــتەجێبو کە دەگەڕێتەوە:** ئەو کەســـەیە، کە دوای مانەوەی لە دەرەوە بۆ ماوەی کەمتر لە ســـاڵێک دەگەڕێتەوە، لەوانەیە ئەو کەسە نیشتیمانی یان بیانی بێت.

(گارلیزلویس garlis luis) کۆچکەری بەم شێوەیە پێناسەکردوە: (ياسين، ١٩٨٤، ١٣)

کۆچکەر ئەو کەسـەیە، کە وڵاتی خۆی بۆ نیشـتەجێبون لە وڵاتێکی بیانی جێدەهێڵێت بە شـێوەیەکی هەمیشـــەیی یان بۆ ماوەیەکی درێژ بۆ جێبەجێکردنی چەند پێداویســـتییەک کە بەلایەوە پێویســـتن. بەڵام نوســـینگەی نێودەوڵەتی کارکردن "bit" کۆچکەری نایاســـایی بەم شـــێوەیە پێناســـە دەکات: کۆچکەر هەر کەسـێکە، کە لە وڵاتی خۆی دەچێتە دەرەوە، یان لە دەرەوەی وڵاتی خۆی کاردەکات، بەبێ بەدەسـتهێنانی مۆڵەتی یاســـایی پێویســـت، بۆیە بە کۆچکەرێکی نایاســـایی یان نهێنی یان بەبێ دۆســـیە یان لە بارێکی نایاسایی دادەنرێت. (بركان، 2012، ٢١)

## تەوەری دوەم: جۆرەکان و پۆلکردنی کۆچکردن

## یەکەم: پۆلکردنی کۆچکردن:

چەمکی کۆچکردن دەکرێت بە چوار پۆلکردن ڕونبکرێتەوە، کە دەکرێت بەم شـــێوەیەی خوارەوە کورتبکرێنەوە (نعیم و مخول، ٢٠٠٥، ١٤١)

* لێکدانەوەیەک بەپێی پێوەری دەرونی، کە کۆچکردن بە شتێکی ناچاری، یان ئارەزومەندانە ڕەچاودەکات لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بەهۆی هەر هۆکارێک بێت.
* لێکدانەوەیەک بەپێی پێوەری کاتی، کە کۆچکردن بە کاتی ڕەچاودەکات، واتە بۆ ماوەی کاتێکی دیاریکراو بێت یان هەمیشەیی بێت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە.
* لێکدانەوەیەک بەپێی پێوەری جوگرافیایی، کە کۆچکردن بە شتێکی ناوخۆیی یان دەرەکی ڕەچاودەکات، واتە لە ناو یان دەرەوەی سنوری وڵات ڕودەدات.
* لێکدانەوەیەک بەپێی پێوەری ژمارەیی، کە لەوانەیە کۆچکردن شتێکی تاکەکەسی، یان بەکۆمەڵ بێت بۆ شوێنێکی دیکە.

## دوەم: جۆرەکانی کۆچکردن:

کۆچکردن جۆری جیـاوازیی هەیە، کە بەپێی بنچینەی پۆلکردن جیـادەکرێنەوە و دەژمێردرێن، هەروەها دەکرێت دابەش بکرێن بۆ:

1. **کۆچکردنی ناوخۆیی و کۆچکردنی نێودەوڵەتی** (سهل، ٢٠١١، ٥٤)

أ. **کۆچکردنی ناوخۆ:** کۆچکردنێکە، کە لەنێو سنوری وڵات ڕودەدات، وەکو گواستنەوە لە شارۆچکەکان بۆ ناو شار، یان لە ناوچە ئاوەدانەوە بۆ ناوچەی نائاوەدان بۆ نیشتەجێبون تێیدا.

ب. **کۆچکردنی دەرەکی یان نێودەوڵەتی:** کۆچکردنێکە، بۆ دەرەوەی ســـنوری وڵات ڕودەدات بۆ گەڕان بە دوای ژیانێکی باشتر، یان ڕاکردن لە بارودۆخێکی خراپ، ئەو تایبەتمەندییە دانشتواناسییە بۆ ماوەی زیاتر لە چارەکە سەدەیەک دانی پێدانراوە لە هەمو جیهان وەک یەکێک لە مافەکانی مرۆڤ.

کۆچکردنی نێودەوڵەتی کۆچکردنی هەمیشـــەیی و کاتی و کۆچکردن بۆ کار دەگرێتەوە، هەروەها جوڵەی پەنابەر و کۆچکەری تۆمارنەکراو دەگرێتەوە.

گرنگترین خاڵەکانی جیاکاریی نێوان کۆچکردنی ناوخۆیی و دەرەکی بریتییە لە (نعیم و مخول، ٢٠٠٥، ١٤٢)

أ. کۆچکردنی نـاوخۆئەرک و تێچونی کەمترە لە کۆچکردن بۆ دەرەوەی وڵات، چونکە جوڵەکە لە مەودایەکی کورتە و لەناو یەک وڵاتە، هەروەها تێچوەکانی بە دراوی نیشتیمانی دەدرێن.

ب. کۆچکردنی ناوخۆیی پێویستی بە ڕێکارەکانی چونەدەرەوە و هاتنەژورە نییە (وەکو بەکارهێنانی ڤیزای چون و هاتن...هتد.) لە کاتێکدا کۆچکردنی دەرەکی پێویستی بەم شتانە هەیە، چونکە جوڵەیە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە..

ج. ئامادەیی دەرونی و خێرایی گونجان لە کۆچکردنی ناوخۆیی زۆرگەورەترە لە کۆچکردنی دەرەکی (کێشەی زمان، داب و نەریت، کلتور...هتد).

2. **کۆچکردنی هەمیشەیی و کۆچکردنی کاتی(ماوەکورت)** (المخادمی، ٢٠٠٢، 18 – 91)

أ. کۆچکرنی هەمیشەیی

ب. کۆچکردنی کاتی (ماوەکورت)

3. **کۆچکردنی ئارەزومەندانە و کۆچکردنی ناچاری** (المخادمی، ٢٠٠٢، 18 – 91)

أ. کۆچکردنی ئارەزومەندانە

ب. کۆچکردنی ناچاری

4. **کۆچکردنی یاسایی و کۆچکردنی نایاسایی:**

أ. **کۆچکردنی یاسایی:** کۆچکردنی یاسایی بەپێی یاسا ئەنجامدەدرێت، وەکو ڤیزای چونەژورەوە و کارتی نیشتەجێبون، کە کاربەدەستانی تایبەت بە کۆچکردن و گەشتنامە دەیدەن. (احمد، ٢٠٠٨، ٣٢)

ب. **کۆچکردنی نایاسایی:** (رشید، ٢٠١٢، 10 – 12)، یان کۆچکردنی نارێکخراو، کە زنجیرەیەکە لە دیاردەی جیاواز. ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە بۆ ناو وڵاتێک دەچن، و لە ناویدا نیشتەجێ دەبن، کە هاووڵاتی نین، بە پێچەوانەی یاسا ناوخۆییەکانی ئەو وڵاتە.

ئەو جۆرە کۆچکردنە ئەو کۆچکەرانە دەگرێتەوە، کە بەبێ مۆڵەت دەچن بۆ ناو وڵاتێک و لە ناویدا دەمێننەوە، هەروەها قوربانییەکانی بازرگانی نایاساییش دەگرێتەوە.

بەڵام ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کارکردن (OIT) کۆچکردنی نهێنی و نایاسایی، بەم شێوەیە پێناسە دەکات: ئەو جۆرە کۆچکردنەیە، کە کۆچکەرەکانی سەرپێچی ئەو مەرجانە دەکەن، کە ڕێککەوتنامەی نێودەوڵەتی و یاسایە نیشتمانییەکان دیاریدەکەن. کۆچکەری نایاسایی بەپێی ئەم بنچینەیە ئەمانەی خوارەوەن: (المنصوري، ٢٠١٠، ١٠)

- ♣ ئەو کەسانەی بە شێوەیەکی نایاسایی و خۆدزینەوە لە چاودێری لە سنورەکان دەپەڕنەوە.
- ♣ ئەو کەسانەی مۆڵەتی کارێکیان بەپێی ڕێککەوتن پێدراوە، و سەرپێچی ئەو ڕێککەوتنە دەکەن، یان بە ئەنجامدانی کارێکی مۆڵەتنەدراو یان کارێک، کە یاسای ناوخۆ سزایان دەدات لەسەری.

- ♣ ئەو کەسانەی دەچن بۆ ناو پایتەختی وڵاتێک، بە شێوەیەکی یاسایی، و بە مۆڵەتی نیشتەجێبون، بەڵام لە ماوەی نیشتەجێبونی ڕێگەپێدراویان زیادتر دەمێننەوە و دەکەونە بارێکی نایاسایی.

**سێیەم: هۆکارەکان و پاڵنەرەکانی کۆچکردنی نێودەوڵەتی لە لایەن گەنجان و لاوانەوە (ڕاکێشان و دەرکردن)**

کۆچکردنی نێودەوڵەتیی گەنجـان بەپێی ڕاوبۆچونی زۆربەی توێژەران دەگەڕێتەوە بۆ چەنـد هۆکارێکی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری، بەم شـــێوەیەی خوارەوە پۆل دەکرێن: (فوجو، ٢٠١٢،٢٧) و (البدرانی، ٢٠٠٩، ٣٣)

### 1. پاڵنەری ئابوری:

یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکان، کە وا لە خەڵک دەکات ئەو سەرکێشییە ئەنجام بدەن، بەبێ ئەوەی گرنگی بە مەترسـیکەی و سـەرپێچییە یاسـاییەکان بدەن. هۆکارەکان بە شـێوەیەکی سـەرەکی بریتین لە بێکاری و کەمی موچە و نزمی ئاســتی بژێوی لە وڵاتی خۆیاندا. لە بەرانبەردا کۆچکەران بەهەشـــتی بەڵێندراو و لە وڵاتانە دەبینن، کە کۆچی بۆ دەکەن، وەکو موچەی بەرز و ئاسانکاریی توێژینەوەی زانستی و دانپیادانان بە بەهرەکان، هەروەها فاکتەری دیکە، کە تاکەکەس و بە بەهرەکان بۆ ئەو وڵاتانە ڕادەکێشێت.

جێگەی سەرنجە کە ئەو وڵاتانەی کۆچیان لێدەکەن زۆربەی کات وڵاتی هەژارن (وڵاتانی ئەمریکای لاتینی و وڵاتە ئەفریقی و ئاسیاییەکان)، هەروەها ئەو وڵاتانەی کۆچی بۆ دەکەن وڵاتی پێشکەوتون، وەکو ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و وڵاتە ڕۆژئاوایی و ئەوروپییەکان.

کێشـــەکە ئاڵۆزتر دەبێت، لەگەڵ بەرزبونەوەی ڕێژەی هەژاری لە وڵاتە هەژارەکان. هەروەها وڵاتە دەوڵەمەندەکان زیاتر ورددەبنەوە لە هەڵبژاردنەکانیان، کە وادەکات هەلی کۆچکردنی یاســـایی بۆ ئەوانە کەمتربێتەوە کە دەیانەوێت ئەنجامی بدەن.

### 2. پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان:

پاڵنەری کۆمەڵایەتی بە شـــێوەیەکی ڕاســـتەوخۆ پەیوەندییی بە پاڵنەری ئابورییەوە هەیە، چونکە هەرچەندە بێکاری و نزمبونەوەی ئاســـتی بژێوی فاکتەری ئابورین، بەڵام ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەســـەر لایەنی کۆمەڵایەتی و دەرونی و ئاسایشی کۆمەڵەکە دەبێت.

زۆرینەی گەنج و لاوان و کۆمەڵێـک لەخەڵکی بە پەرۆشـــن بۆ کۆچکردن بۆ ئەوەی خەونی ســـەرکەوتنی کۆمەڵایەتی بەدیبهێنن یان بەدوای ئاســت باشـی کۆمەڵایەتیی دەگەڕێن کە لە وڵاتی خۆیان بونی نییە، بەهۆی بێکاری و هەژاری، بۆیە پەنا بۆ کۆچکردن و سەرکێشی دەبەن، بەو ڕادەیەی، کە ڕازی دەبن بە هەمو کارێک - هەرچەندە بێمانا و ڕیســـواکەر بێت - بۆ بەدیهێنانی خەونەکانیان. بەم شـــێوەیە بـارودۆخی کۆمەڵایەتی دەبێـت بە پـاڵنەرێکی بەهێز بۆ گەنجـان بۆ ئەوەی تـایبەتمەنـدییـان بگۆڕن بۆ

کۆچکردن بۆ وڵاتە دەوڵەمەندەکان، ئەمەش وادەکات دیاردەی کۆچکردن باو بێت تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەکی نایاسایی بێت. پێوەری دانیشتوان، ئاڵۆزی زیاتر دەخاتە سەر کێشەی کۆچکردنی نێودەوڵەتی لە ڕێگەی زیادبونێکی جێگیر لە ژمارەی دانیشـــتوان لە وڵاتە هەژارەکان بەرانبەر دابەزینێکی زۆر لە ژمارەی دانیشتوانی وڵاتە دەوڵەمەندەکان بەپێی نوێترین ڕاپۆرتی شارەزایانی دیمۆگرافیا، کە لە نوسینگەی ڕێژەکانی دانیشـــتوان لە واشـــنتۆن دەرچوە. ئەوان پێشـــبینی دەکەن هەوڵەکانی کۆچکردنی نێودەوڵەتی لە وڵاتی هەژار بۆ وڵاتی دەوڵەمەند زیاد بکات.

### 3. پاڵنەرە ڕامیارییەکان

ناکۆکییە ڕامیاری و شـڵەژانی دۆخی نیشـتیمان لەلایەن پارت و ڕێکخراوە فەرمانڕەواکان دەبن بە هۆکاری ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوان ڕوبکەنە وڵاتە دیموکراسییەکان، یان ئەو وڵاتانەی کە ئاشتی و ئارامی تێیاندا سەقامگیرە.

بەڵام شەڕە نێودەوڵەتییەکان، هەروەها شەڕە ناوخۆییەکان کە لەسەروی لیستی ئەو پاڵنەرانە دێن، کە دەبن بە هۆکاری کۆچکردن بۆ وڵاتێکی سەقامگیرو ئارام. ئەگەر ئەو وڵاتانە سنورەکانیان بە شێوەیەکی یاسـایی نەکەنەوە بۆ ئەو کۆچکەرانەی هەڵاتون لە دۆزەخی شـەڕ، کەواتە هیچ هەڵبژاردنێکیان نییە جگە لە کۆچکردنی نێودەوڵەتی بەبێ ڕەچاوکردنی سزاکان.

کاتێک سـەیری نەخشـەی جیهان دەکەین، تێبینی دەکەین ژمارەی شـەڕی نێودەوڵەتی و ناوخۆ لە زیادبوندایە لە هەمو وڵاتانی جیهاندا بە تایبەتی لە ئەفغانســـتان و وڵاتانی بەلقان، لەگەڵ کەمێک لە وڵاتە ئەفریقیەکان وەکو سودان و سۆماڵ و هی دیکە.

## بەشی دوەم: کۆچکردنی نێودەوڵەتیی گەنجان و لاوان ڕەنگدانەوەی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکان

### تەوەری یەکەم: ئەنجامەکانی کۆچکردنی نێودەوڵەتیی گەنجان و لاوان:

دەکرێت ئەنجامە گشـتییەکانی کۆچکردنی نێودەوڵەتیی گەنجان لە سـێ خاڵ کورتبکەینەوە. (مرزوق، ٢٠١٠، ٥٦)

1. گۆڕانی ژمارەی دانیشـتوان: ژمارەی دانیشـتوان دەکرێت بە ڕێژەی خێرا زیادبکات، بە هۆی ڕوکردنی کۆچکەران بۆ شوێنێکی دیاریکراو، وەکو: کرێکارەکان لە قەتەڕ و ئیمارات.
2. کاریگەرییەکان لەسەر ڕێکخستنی تەمەنی و جۆری دانیشتوان و کەمێک تایبەتمەندی دیکە..
3. کۆچکردن بەشـدارە لە کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری لەو شـوێنەی کرێکاران وەردەگرێت، و توانسـتی بەرهەمهێنان بەرزدەکاتەوە، هەروەها ئاســـتی بژێوی کۆچکەران لە ڕێگەی یارمەتی ماددی و دەرونی بەرزدەکاتەوە، کە کۆچکەرەکان بۆ کەسوکاریان دەنێرن.

4. کۆچکردن دەبێتە هۆی زیادبونی دەستی کار لە پیشەسازی و بازرگانی، کە وادەکات پیشەسازییەکان گەشە بکەن و پێشبکەون.
5. هەندێک کات، کۆچکردن وا دەکات کرێکاری گەنج و ڕۆشـــنبیر و لێهاتو کارامە کەمببنەوە لەو ناوچەیەی، کە کۆچیان لێیەوە کردوە، یان وادەکات ئاســـتی بەرهەمهێنانی کشـــتوکاڵ لە زۆربەی گوندنشینەکان فەرامۆش بکرێت.
6. کۆچکردن وادەکات شــارەکان گەشـــەبکەن و ژمارەیان زیاد بکات، هەروەها شــاری ملیۆنی پەیدابین، هەروەها وا دەکات ژمارەیەکی دیاریکراو لە شارەکان بەرفراوانتر بێت و گەشەی دانیشتوان زیاتر بێت و قەبارەی شاری ملیۆنی دروست ببێت.
7. ڕژانی کۆچکەران بە ژمارەی زۆر بۆ ناو شـــارەکان، کە توانای بەڕێوەبردنی نەبێت، وا دەکات چەند دیاردەیەکی نا پەسندی ئاکاری دەربکەوێت، هەروەها ڕێژەی تاوان وگرفتە کۆمەڵایەتییەکان زیادبکات.

**تەوەری دووەم: ڕەنگدانەوەی کۆچکردنی نێودەوڵەتی لەسەر گەنجان و لاوەکان بۆ دەرەوە:**

سەرەڕای ئەنجامە گشتییەکانی کۆچکردنی نێودەوڵەتی چەند ڕەنگدانەوەیەک لەسەر ئاستی جیاواز بۆ وڵاتەکان هەیە کە کۆچیان لێیەوە دەکرێت، لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کۆچیان بۆ دەکرێت، ئەمەش دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە دەربڕێت:

1. **لە لایەنی ئابوری:** (محمد، ٢٠١١، ٧٣) و (عمارة، ٢٠٠٣، 86)

کۆچکردن، ئینجا یاســایی بێت یان نایاســایی، کاریگەرییی جیاوازیی ئەرێنی و نەرێنی دەبێت لە لایەنی ئابوری بۆ هەردو وڵات، کە کۆچی لێدەکرێت، و کۆچی بۆ دەکرێت.

بۆ ئەو وڵاتانەی کۆچکەر وەردەگرن: کاریگەریی ئەرێنی هەیە، چونکە دەستی کاری ئەو کۆچکەرانە بە هۆی ئەو بەهرە و مەوادانەی بەردەســـتیانە دەبنە هێزی بەرهەمهێن لە کەرتی ئابوری ئەو وڵاتانە، بەهۆی ئەوەشـــەوە توانیویانە قازانجی ئابوری زۆر بکەن. ئەوەش دەرەنجامی پێشـــکەوتنی ئابوری و زیادبونی داهاتی نەتەوەیی، گەشــانەوە و ژیانێکی شــاهانە بۆ کۆمەڵگە بەدوای خۆی دادێنێت. ســەرەڕای ئەمە، ئەمە واتای ئەوە نییە ئەو وڵاتانەی پێشـــوازی لە کۆچکەران دەکەن هیچ کاریگەرییەکی نەرێنیان لەســەر نابێت لە ڕوی ئابورییەوە. جێگای ئاماژە پێکردنە، کە ئەو وڵاتانەی پێشـوازی لە کۆچکەران دەکەن زۆربەی کات دان بە ڕۆڵی ئەرێنی کۆچکەران نانێن، هەروەها هەمان مامەڵە و خزمەتگوزاریان پێشـــکەش ناکەن، کە بە هاووڵاتی خۆیانی دەکەن. تەنانەت هەوڵنادەن کۆچکەران لەگەڵ خەڵکی خۆیان تێکەڵ بکەن. لە ســاڵانی ڕابردو بە شـێوەیەکی مەترسـیدار ئەو تێڕوانین بۆ کۆچکەران دروسـت بوە کە کۆچەران وەک مەترســی لەســەر ئارامی و ئاســایش دەبینرێن بە تایبەتی دوای ڕوداوەکانی (١١)ی ســێبتەمبەری ســاڵی

(٢٠٠١) لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، داوا لە کۆچکەران دەکرێت بگەڕێنەوە بۆ وەڵاتی ڕەســـەنی خۆیان. ســـەبارەت بەو وڵاتانەی کۆچکەر هەنارده دەکەن: لایەنی ئەرێنی خۆی دەردەخات لە گۆڕانکارییە داراییەکان، کە لێشـــاوێکی دارایی دەڕێژێتە ئەو وڵاتانە لە ڕێی هاووڵاتییە کۆچکەرەکانیانەوە، هەروەها بەشـــداری دەکەن لە گەشـــەی ئابوری و باشـــتربونی ئاســـتی بژێوی تاکە نیشـــتەجێکانی ئەو وەلاتە. لەم بوارەدا، داتاکان ئاماژەدەکەن، کە ئەو پارەیەی کۆچکەرەکان ناردویانەتەوە بۆ وڵاتی خۆیان بە نزیکەی (200) ملیار دۆلار بوە لە ساڵی (2005)، ئەمە جگە لە ناردنە نافەرمییەکان کە ئەم بڕە دو هێندە دەکات.

ســـەرەڕای ئەمە، کۆچکردن کاریگەرییی نەرێنی زۆری لەســـەر ئەو وڵاتانەی کۆچیان لێوە دەکرێت هەیە، کاریگەرییەکان بە گشتی ئەمانەن:

* زیـادبونی ژمـارەی کۆچکەرەکـان، بە تـایبەتی جوتیـار و هونەرمەنـدەکـان، دەبێتە هۆی کەمبونەوەی بەهرەی دیار لەم بوارانە، بۆیە کێشەی پیشەیی لە کارامەیی بەرهەمهێنان ڕودەدات لەم وڵاتانەدا.
* لە لایەکی ترەوە، کەمبونەوەی کرێکاری شارەزا دەبێتە هۆی زیادبونی کرێی ئەو جۆرە کارانە، ئەمەش کاریگەرییی دەبێت لەسەر پێکهاتەی کرێیەکان تێچونی بەرهەم هێنان و نرخی کاڵاکان.
* کۆچکردن دەبێتە هۆی ئەوەی کرێکاران ورەیان لەدەســتبدەن، چونکە ئەگەر لە کۆچکردن ســـەرکەوتو نەبون، ئارەزوی پێشــکەوتن و گەشـــەســـەندنیان لەدەســتدەدەن. تەنانەت دەگات بەوەی وەفاداری بۆ ڕێکخراوە نیشـــتیمانییەکان لەدەســـتبدەن بە هۆی بەراوردکردن لە نێوان بڕی موچە لە وڵاتی خۆی لەگەڵ ئەو وڵاتەی قەرار بوە بۆی بچێت.
* ئاماژەیەکی نەرێنی تر، ئەوەیە کە لەوانەیە هێندێک کۆچەر ڕازی بن لە پیشـەیەک دا کاربکەن کە لەگەڵ بەهرەو لێهاویان ناگونجێت، و ئەوەش ببێتە هۆی ئەوەی بە تێپەربونی کات بەهرەکانیان لەدەست بدەن و فێری لێهاتویی نوێش نەبن.
* لە کۆتاییدا، ســـــەرەڕای ئەوەی دەســــتەی کۆچکەران بڕە پارەیەکی باش دەنێرن بۆ وڵاتی دایک، کە یارمەتیدەرە لە پرۆسەکانی گەشەکردن – هەروەکو لە لایەنە ئەرێنییەکانی کۆچکردن ڕونمان کردەوە- بەڵام لێکەوتەی نەرێنیشی هەیە، وەکو ئەمانەی خوارەوە:

- پارەی نێردراو مەرج نییە بچێت بۆ کەناڵەکانی پاشـەکەوت و بەرهەمهێنان، بەڵکو زۆربەی کات دەچێت بۆ بوارەکانی قازانجی خێرا، کە لاسەنگە لەگەڵ داواکارییەکانی گەشەی ڕاستەقینە.
- گۆڕانکاری لە نرخی ئاڵوگۆڕی دراوەکان لە ســـاڵێکەوە بۆ ســـاڵێکی دیکە وا دەکات پارەی نێردراوی کرێکاران هەردەم جێگیرنەبێت.

- ڕۆڵی ئەم گواستنەوانە لە بەرزبونەوەی ڕێژەی هەڵئاوسان لە دەوڵەتی دایکدا لە ئەنجامی گواستنەوەی شێوازەکانی خەرجکردنی بەکاربردن.

2. **لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە:** (قويدر، ٢٠٠٩، ٤١)

توێژەرانی کۆمەڵایەتی چەندین زیانی کۆمەڵایەتیان باسکردوە، کە لە دیاردەی کۆچکردنی نێودەوڵەتیدا سەرهەڵدەدات، هەم لە وڵاتانی میوان و هەمیش لە وەڵاتانی دایک. پێش ئەوەی زیانەکان بخەینە ڕو پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، کە لە (٩٨٪)ی کۆچکەران نێرینەی تەمەن(20 – 45) ساڵن. ئەمەش دەبێتە هۆی زیانی زۆر لە وڵات دایک، لە خوارەوە گرنگدترین زیانەکان دەخەینە ڕو:

أ. **ئەو وڵاتانەی کۆچکەر وەردەگرن:**

دیاردەی هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتی بیانی، چونکە کۆچکەری نێودەوڵەتی بەدوای پاساوێکی ڕەوا دەگەڕێت کە مانەوەی بە سەلامەتی لە وڵاتەکەدا گەرەنتی بکات. زۆربەی کات ئەم جۆرە هاوسەرگیرییانە دەرەنجامیان وەچەخستنەوە و جیابونەوەیە. کە ئەوەش کێشەی دیکە بەدوای خۆی دادێنیت، وەکو ڕەچەڵەکی منداڵ، ئایا لەگەڵ کێ دەژییێت.... ئەمەش وا دەکات نەوەیەک لە گەنجی لاسار دەربکەون.

* زیادبونی ڕێژەی ڕەگەزی نێرینە لەو وڵاتەی کۆچی بۆ دەکرێت چەند کێشەیەک دروست دەکات، کە دەبێتەهۆی زیادبونی ڕێژەی ڕەگەزی نێرینە لە خانەوادەیەکدا، کە ئارەزو بۆ توندوتیژی و لادانی ڕەوشتی و هەڵسوکەوتی تاوانکاری دروست دەکات.
* دیاردەی کەمینەکان، کە لە چەند شوێنێکی دیاریکراودا هەن و کەلتوری خۆیان کۆیان دەکاتەوە، وردە وردە بەرەو ئەوە دەڕۆن، کە خۆیان بسەلمێنن بە فشارخستنە سەر کۆمەڵگە بۆ دانپێدانان بە بونیان بە ڕێگەی ڕەوا و ناڕەوا، کە لەوانەیە هەندێک کات بگات بە توندوتیژی و لەناوبردن.

ب. **سەبارەت بەو وڵاتانەی کۆچکەر هەناردە دەکەن:**

* نەبونی هاوژین لەماڵدا، منداڵەکان ڕێبەری سەرەکی پەروەردەکردنیان لەدەست دەدەن، و ئەمەش دەبێتە هۆی هەبونی ڕێژەیەکی زۆر لە منداڵ و گەنجی نابەرپرس و لاسار.
* زیادبونی ڕێژەی تەڵاق بە هۆی ونبونی هاوژینەکەی بۆ ماوەیەکی درێژ.
* هاوژین لە کاتی هاتنەوەی هەست بە نامۆیی دەکات، کاتێک دەگەڕێتەوە بە هۆی لاوازی پەیوەندی و لەدەستدانی هەستی باوکایەتی، لەوانەیە هەست بە بێ دەسەڵاتی بکات لە بەرانبەر هاوسەرەکەی، کە بەهێزتر بوە لەناو خێزانەکەدا.

3. **لە لایەنی ئاسایشیەوە:** (الحوراني، ٢٠٠٧، ٦١)

أ. **ئەو وڵاتانەی کۆچکەر وەردەگرن:**

* هەڕەشەکردن لەسەر ئاسایشی گشتی، کە دەرکەوتوە کە توندو تیژ و پاکتاوی ڕەگەزی کەمینەکان و زیاد دەکات و هەروەها دروستبونی نائارامی بەهۆی مانگرتن و خۆپیشاندان بۆ باشکردنی بارودۆخی.
* ئەندامی دەستە تیرۆرستی و چەتەکان هەوڵدەدەن بچنە ناو ئەو وڵاتەنەو کاری کاری تیرۆرستی ئەنجام بدەن، و ئاسایشی وڵاتەکە بشێوێنن.
* زیادبونی تاوانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ، کە گروپە مافیاکان ئەنجامی دەدەن لە ڕێگەی فێڵکردن لە کۆچکەران، بە فریودان و هەڵخەڵەتاندن، و چەوساندنەوەی دەرونی و جەستەیی.

**ب. سەبارەت بەو وڵاتانەی کۆچکەر هەناردە دەکەن:**

* پەیدابونی نوسینگە و باڵویزی ساختە، کە بە فێڵ و ساختە پارەیەکی زۆر لە قوربانیەکانیان کۆدەکەنەوە.
* دیاردەی بازاڕی ڕەش و سپیکردنەوەی پارە، کە لەوانەیە کاریگەرییی لەسەر ئابوری ئەو وڵاتەی کۆچی نێودەوڵەتی لێدەکرێت هەبێت.
* دەرکەوتنی تاوانی قاچاخی هاوردەکردن و هەناردەکردن و هەڵهاتن لە باجدان و چەکی بێ پارە و ساختەکاریی بازرگانی. هەروەها ساختەکردنی دراو و بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان، کە هەمو ئەوانە ڕێگرن لە پرۆسەی گەشەسەندنی وڵات.

## بەشی سێیەم: کۆچکردنی گەنجان و لاوان بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان

### تەوەری یەکەم: کورتەیەکی مێژویی دەربارەی کۆچکردنی گەنجان بۆ دەرەوەی هەرێم

1. **کۆچکردنی سەرمایەی مرۆیی و توانا زانستییەکان لە دوای ساڵی ١٩٩٠:** (حسین، ٢٠١٢، 23 – 27)

لە نەوەتەکانی سەدەی بیستەم عێراق کۆچکردنێکی چڕی بێ وێنەی بینی، ئەو کۆچکردنەش خەڵکێکی زۆر لە خاوەن توانا زانستییەکانی لەخۆگرتبو بە هۆی ڕوداوەکانی (کوێت) ساڵی (1990)ی زایینی، و دەرەنجامەکەی، کە هەڵگیرسانی جەنگی دوەمی کەنداوبو، لەگەڵ بارودۆخە ناوخۆییە ناجێگیرەکان، کە لەگەڵی هات، و سەپاندنی سزای توندی ئابوری بەسەر عێراقدا، کە تێیدا چەندین خاوەن توانستی زانستی و سەرمایەی مرۆیی وەکو مامۆستای زانکۆ ڕویان کردە وڵاتە عەرەبییەکان بە تایبەتی لیبیا، چونکە ڕێژەی خەڵکی عێراقی لە زانکۆکانی بە شێوەیەکی دیار بەرزبو. هەروەها کۆچیان بۆ یەمەن و ئوردن و وڵاتانی دیکە کرد. بەهۆی کۆچە بەکۆمەڵەکانی عێراقییەکانەوە، کە خاوەن کەسانی لێهاتو و توانای زانستییان لە نێودابون. حکومەت مەرجی زۆر توندی سەپاند لە ساڵی (١٩٩٩)ی زایینیدا، کە ڕێگەیان دەگرت لە گەشتکردنیان بۆ دەرەوەی وڵات. سنوردارکردنەکانیش پرۆفیسۆری زانکۆ و دکتۆر و ئەندازیار و ڕۆژنامەنوسەکانی لەخۆگرت، هەر لەو ساڵەدا حکومەت بڕیارێکی لێبوردنی دەرکرد بۆ

وەسـتاندنی كۆچكردنی مامۆسـتایانی زانكۆ بۆ دەرەوەی وڵات بەبێ مۆڵەتی فەرمی، و لە ئەنجامی نەبونی وەڵام حكومەت لە هەمان سـاڵدا بڕیارێكی ڕایگەیاند، كە زەوتكردنی موڵكی كۆچكەران ڕەوا دەكات بەبێ مۆڵەتی فەرمی لەگەڵ زیندانیكردن بۆ ماوەی (١٠)ساڵ، ئەمەش گوشـارێكی تۆقێنەربو لەسـەر سـامانی زانسـتی عێراقی، و بە شـێوەیەكی ئاشـكرا ڕۆڵی هەبو لە تێكشـكانی پێكهاتە ئەكادیمی و پیشـەییەكەی و بۆشاییەكی دروستكرد، كە ناتوانرێت پڕبكرێتەوە بەهۆی كەم و كوڕیی دارایی دەوڵەت لەم قۆناغەدا.

## 2. كۆچكردنی خاوەن توانا زانستییەكان و سەرمایەی مرۆیی لە دوای داگیركردنی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣)ی زاینییەوە.

دوای ئەوەی عێراق لەلایەن ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا و هاوپەیمانەكانی داگیركرا لەسـاڵی (٢٠٠٣)دا ژمارەی پەنابەری عێراقی زیادی كرد بە تایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتدا، كە گەیشـت بە (2)ملیۆن كەس لە هەر یەكە لە: سوریا، ئوردن، ئێران، میسر، لوبنان، توركیا و چەند وڵاتێكی كەنداو، لە كۆتایی سـاڵی (٢٠٠٦)دا عێراق دوای ئەفغانسـتانەوە بو بە دوەم وڵاتی جیهان لە ڕوی ژمارەی پەنابەرانی، دوای ئەوەی لە سـاڵی (٢٠٠٢)دا حەوتەمین وڵات بو لە ڕوی پەنابەرانەوە. جێگای ئاماژە پێدانە پارێزگاری مەدەنی ئەمەریكا (پۆڵ بریمەر) بڕیاریدا ئەو كەسـانەی كە پۆسـتەكانیان لە چوار پلەی یەكەمی ڕێكخراوی بەعسـدایە لایان ببات، ئەمەش كاریگەریی هەبو، وایكرد زیاتر لە دو هەزار مامۆسـتای زانكۆ لەكار دوربخرێنەوە، كە ئەو ژمارەیە دەیكردە (١٥٪)ی مامۆسـتای زانكۆكانی عێراق، كە ژمارەیان (١٤) هەزارە بو. (نعمة، ٢٠٠٩، ٢٢) هەروەها عێراق ڕوبەڕوی شـەپۆلێكی نوێی مەترسـیداری كۆچكردنی كەسـانی شارەزاو پڕفیشناڵ بوەوە دوای بەرواری باسكراو لەئەنجامی شڵەژان و نەبونی ئاسایش وڵات و زیادبونی ڕێژەی تاوان و كردەی ڕێكخراوە تیرۆرسـتییەكان و توندوتیژی تائیفی و پێك ناكۆكی ڕامیاری، چونكە (١٨٥) مامۆسـتای زانكۆ لە ئەنجامی كردەوە توندوتیژەكانی لە عێراق تیرۆركراون. هەر لەو ماوەیەدا (٧٢٠) پزیشـك لە توندوتیژییەكاندا كوژراون و بریندابون. هەروەها بەپێی وتەی (قاسـم یەحیا عەللاوی) بەڕێوەبەری بەشـی ڕاگەیاندنی وەزارەتی تەندروسـتی لە (٢٨-١٢-٢٠٠٦)، كە ڕایگەیاند " سـاڵی (٢٠٠٦) چەندین كاری توندوتیژی بەخۆوە بینیوە، و بوەتە هۆی كۆچكردنی پزیشـكە پسـپۆڕەكان و پزیشـكە پلە یەكەكان، كە وڵات پشتی پێ دەبەستن، هۆكاری كۆچی ئەوانەش بۆ پارێزگاری گیان وماڵیان بو لە چنگی كردەوە خۆكوژی و ڕەفتاری گروپە تیرۆرسـتیەكان بوە، ئەمەش تەنیا كاریگەریی لەسـەر كاروباری وەزارەتی تەندروسـتی نەبو، بەڵكو كاریگەریی نەرێنی هەبو لەسـەر باروودۆخی خوێندن لە كۆلێژە پزیشـكییەكان، چونكە ئەو دەزگا پزیشـكییانەی، كە ئەو پزیشـكانە كاریان تێدا دەكرد بە هۆی كۆچكردنەوە بەتەواوی داخران." ڕاپۆرتەكانی یەكێتی پزیشـكانیش ئاماژە بەوە دەكات، كە ژمارەی ئەو پزیشـكانەی، كە

ناچاربون کۆچ بکەن لەو ماوەیەی باسکراوە زیاترە لە دو هەزار کەس، ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆ و درێژخایەنی کۆمەلایەتی و ئابوری ئەم کۆچکردنەی خراپتر کردوە، هەروەها بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەبێتە دواکەوتنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە عێراقدا. (نعمة،٢٠٠٨، ٢٨) و(حسين، ٢٠١٢، ٢٧)

### 3. کۆچکردنی گەنجان و لاوان و سەرمایەی مرۆیی بۆ دەرەوەی هەرێم

مەسەلەی کۆچ لەهەرێمی کوردستاندا لەسەرەتای سالانی نەوەدەکانەوە پەیدابو، بەلام لەپاش پرۆسەی ڕزگارکردنی عێراق، ئەم دیاردەیە کۆتایی پێهات، بگرە زۆرێک لەو کۆچبەرانەی، کە کوردستانیان بەجێ هێشتبو، جارێکی تر گەڕانەوە بۆ هەرێمی کوردستان،، بەلام لەم سالانەی دواییدا جارێکی تر سەریهەلداوەتەوە .بەتایبەتی لەسەرەتای دەستپێکی سالی ٢٠١٤ بەهۆی تێکچونی بارو دۆخی عێراق و کوردستان، بەهاتنی داعش و دروستبونی شەڕ و هاتنی قەیران لەسەر قەیران وەک گرانی و بێکاری و ڕاگرتنی دامەزراندن لەتەواوی وەزارەتەکان. کۆچی گەنجان دەستی پێکرد، بەزۆری لەرەگەزی نێر بون. بەلام جێگای داخە کە دوای کۆتای هاتنی شەڕی داعش و کەمبونەوەی گرژی لە عێراق، لەهەرێمی کوردستان بارودۆخەکە هێشتا وەک پێویست نییە. کە لەو سالانەی دوایی تاکو ئێستا، هەزاران گەنج کۆچی نایاسایان کردوە بۆ ولاتە ئەوروپییەکان، دەیان کەس بوەتە قوربانی، بەهۆی کۆچە نایاساییەکان. ئەگەرچی کۆچکردن هۆکارەکانی زۆرن لە هەرێمی کوردستان بەلام لە سەرو هەموویانەوە بەرزبونەوەی ڕێژەی بێکاری و قەیرانی دارایی بە هۆکاری سەرەکی چڕبونەوەی کۆچ دادەنرێن بەدوای ژیانێکی باشتردا، کە ئەمەش بە شێوەکی ڕون تر وردتر باسی لێوەدەکەین لە تەوەرەکانی داهاتودا.

## تەوەری دوەم: شیکردنەوەی پەیوەندیی نێوان کۆچ و تایبەتمەندییە ئابوریی و کۆمەلایەتی و ڕامیارییەکان و دەرخستنی هۆکارەکانیان.

یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی کۆچکردنی گەنجان و لاوان بریتییە لە ناسەقامگیری بارودۆخی کۆمەلایەتی و ئابوری وڕامیاری لە وەلاتی دایک، ئەو هۆکارانە دەبنە هۆی وەدەرنانی سەرمایەی مرۆیی، بۆ دەرەوەی ولات. لە کاتێکدا لەوانەیە ولاتەکانی دیکە سەرنجی کۆچکەران ڕاکێشن بە هۆی باشی بارودۆخی ئابوری و خزمەتگوزاریانەوە. لەبەرئەوەی ئەو هۆکارو فاکتەرانەی کە کاریگەرییان لەسەر کۆچکردن هەیە زۆرن، و تێکەل و ئالۆزن، واتا تەنیا یەک هۆکار نییە کە ببێتە هۆی کۆچکردنی نێودەولەتی. بەلکو لە فاکتەرێک زیاتر هەیە کە پەیوەندیی هاوشێوە و هاوسەنگیان لەگەل یەکترهەیە، و جیاکردنەوەیان ئەستەمە، بۆیە هەولماندا لەم توێژینەوەیە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشیان بکەین، بۆ ئاسانکردنی جیاکردنەوە لە نێوان فاکتەرەکان، لە ڕێگای ئەنجامەکانی توێژینەوەی مەیدانی ( دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسیی).

## یەكەم: تایبەتمەندییە گشتییەكانی نمونەی توێژینەوە

بێگومان چەندە كۆچكردنی گەنجان ولاوان بۆدەرەوەی وڵات پەیوەندیی بە ناسەقامگیری ئابوری و كۆمەڵایەتی و ڕامیارییەوە هەیە، ئەوەندەش پەیوەندیی بە فاكتەرە گشتی و دیمۆگرافییەكانەوە هەیە، بۆیە لێرەدا دێین باسی ئەم هۆكارە گشتی و دیمۆگرافیانە دەكەین.

1. **ڕەگەز:** دابەشـــكردنی ڕێژەی توێژینەوە بە گوێرەی ڕەگەز ئەوە دەردەخـات، كە ڕێژەی نێرینەكـان زۆرترین بون لە نمونەكەدا، كە ڕێژەیـان (103) بو، واتـا(٦٣,٥٨٪) و پلەی یەكەمیـان هەیە، لەكاتێكدا مێیەكـان بە (59)بو، واتە (٣٦,٤٢٪) و پلەی دوەمیـان هەیە، هۆكـارەكەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە لە وڵاتانی دواكەوتو ڕەگەزی نێر هەلی زیاترە بۆ ئەوەی كۆچ بكات بە بەراورد بە ڕەگەزی مێ.

خشتەی ژمارە (١) دابەشكردنی بژاردەكە بە گوێرەی ڕەگەز

| ڕەگەز | دوبارەكان | ڕێژەی سەدی(%) |
|---|---|---|
| نێر | 103 | 63.58 |
| مێ | 59 | 36.42 |
| كۆی گشتی(سەرجەم) | 162 | 100.00 |

**سەرچاوە:** خشتەكە ئامادەكراوە لەلایەن توێژەرانەوە، بە پشتبەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

2. **تەمەن:** پاش دابەشـــكردن و كۆكردنەوەی فۆڕمی تـایبـەت بـە توێژینەوەكە، و لێـک جیاكردنـەوەیان دەركەوت: كە ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (26 – 41) ســـاڵانە زۆرترین ڕێژەی نوێنەرایەتیان هەیە لە نمونەكەدا، واتە بە دوبـارەبونەوەی (115) و بە ڕێژەی (70.99٪). بـەڵام لـە پلەی دوەمـدا ئـەوانـەی تەمەنیان لە نێوان (18 – 25) ساڵانە و بە دوبارەبونەوەی (21) و بە ڕێژەی (12.94٪) و لەدوای ئەو پلەی سـێیەم بۆ تەمەنی (42 – 49) سـاڵانە، كە بە دوبارەبونەوەی (11.73) و بە ڕێژەی (19٪)، ئەم ئەنجامە لەگەڵ ئەوەی كە لە خشـــتەی خوارەوە دەریخســـتوە ئەو گەنجانەی تەمەنیان لە نێوان (26 – 41)ساڵانە ئەو گروپەن كە زۆرینەی گەنجن، ئەمەش هۆكارەكەی ئەمەیە كە گەنجەكان زیاتر ویستیان لە كۆچكردنە بەراورد بە تەمەنەكانی دیكە، گەنجەكان لەســـەرەتای ژیانیاندان و دەیانەوێ لە داهاتودا ژیانێكی ئاسودە بۆ خۆیان فەراهەم بكەن لەو وڵاتانەی كۆچی بۆ دەكەن.

خشتەی ژمارە (٢) دابەشکردنی بژاردەکە بە گوێرەی تەمەن

| تەمەن | دووبارەکان | ڕێژەی سەدی(%) |
|---|---|---|
| کەمتر لە 18 | 5 | 3.09 |
| 18-25 | 21 | 12.96 |
| 41 – 26 | 44 | 27.16 |
| 34-41 | 71 | 43.83 |
| 42-49 | 19 | 11.73 |
| 50-57 | 1 | 0.62 |
| زیاتر لە 57 | 1 | 0.62 |
| کۆی گشتی(سەرجەم) | 162 | 100.00 |

**سەرچاوە: خشتەکە ئامادەکراوە لەلایەن توێژەرانەوە، بە پشتبەستن بە فۆرمی ڕاپرسی**

3. **ئاستی خوێندن:** دوای دابەشکردن و کۆکردنەوەی فۆرمی تایبەت بە توێژینەوە و بەتاڵکردنەوەی بە گوێرەی دەستکەوتی ئەکادیمی دەرکەوت، کە: جۆری هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس زۆرترین نوێنەرایەتی لە نمونەکەدا هەیە. ڕێژەکەیان بە دووبارەبونەوەی (47)، بە ڕێژەی (46٪). دواناوەندی، ناوەندی و سەرەتایی، دوەم بە دووبارەبونەوەی (66)، بە ڕێژەی (34٪) دبلۆم و پەیمانگا سێیەم، بە دووبارەبونەوەی (20) و بە ڕێژەی (12٪). ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی بەرزن چوارەمن بە دووبارەبونەوەی (8) و بە ڕێژەی (4.94٪)، دەتوانین ئەمە بۆ ئەوە بگێڕینەوە، کە زۆربەی گەنجەکان دوای ئەوەی خوێندن تەواودەکەن لە قۆناغی بەکالۆریۆس و دبلۆم کاریان دەستناکەوێت بەپێی پسپۆری خۆیان، یان کرێی ئیشکردنیان زۆر کەمە، کە بەشی بژێوی ڕۆژانەیان ناکات، بۆیە ئەمەش وادەکات گەنجەکان بیر لەکۆچکردن بکەنەوە.

خشتەی ژمارە (٣) دابەشکردنی بژاردەکە بە گوێرەی دەستکەوتنی ئەکادیمی

| ئاستی خوێندن | دووبارەکان | ڕێژەی سەدی(%) |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار | 16 | 9.87 |
| سەرەتای | 18 | 11.11 |

| | | |
|---|---|---|
| ناوەندی | 21 | 12.96 |
| دواناوەندی | 27 | 16.66 |
| دبلۆم | 20 | 12.341 |
| بەکالۆریۆس | 47 | 29.01 |
| ماستەر | 5 | 3.086 |
| دکتۆرا | 8 | 4.93 |
| کۆی گشتی(سەرجەم) | 162 | 100.00 |

**سەرچاوە: خشتەکە ئامادەکراوە لە لایەن توێژەرانەوە، بە پشتبەستن بە فۆرمی ڕاپرسی**

4. **باری کۆمەڵایەتی:** لە خشتەی (4)دا بۆمان ڕون دەبێتەوە، کەوا لە کۆی بژاردەی توێژینەوەکەدا کە (162) بژاردەیە زۆرینەی ئەو گەنجانەی کۆچیان کردوە، سـەڵت بونە بە دوبارەبونەوەی (103) و ڕێژەی (63.6٪)، بەراورد بە خێزاندارەکان کە ڕێژەیان (٣٦,4٪)ە، دیارە ئەو گەنجانەی کە سەڵتن بە ئاسانتر دەتوانن کۆچ بکەن، و بەرگەی نەهامەتی و ئاستەنگەکانی ڕێگا بگرن، و تارادەیەک هۆکاری ئابوری ڕۆڵی هەیە، بۆنمونە تێچوی گەنجێک زۆر کەمترە بەبەراورد بە خێزانێک کە بیانەوێت کۆچ بکەن بۆیە ڕێژەی سەڵتەکان زیاترە.

خشتەی ژمارە (٤) دابەشکردنی بژاردەکە بە گوێرەی باری کۆمەڵایەتی

| باری کۆمەڵایەتی | دوبارەکان | ڕێژەی سەدی(%) |
|---|---|---|
| **سەڵت** | 103 | 63.6 |
| **خێزاندار** | 59 | 36.4 |
| **کۆی گشتی(سەرجەم)** | **162** | **100.00** |

**سەرچاوە: خشتەکە ئامادەکراوە لە لایەن توێژەرانەوە، بە پشتبەستن بە فۆرمی ڕاپرسی**

5. **شوێنی نیشتەجێبون پێش کۆچکردن:** جێگای ئاماژە پێدانە شوێنی نیشتەجێبونیش کاریگەریی هەیە لەسەر کۆچکردنی گەنجان ئەگەر سەیری خشتەی ژمارە (5) بکەین بۆمان ڕوندەبێتەوە کەپاریزگای هەولێر بەپلەی یەکەم دێت لەنێوان بژاردەی توێژینەوەکە بە (40.1%) و سلێمانی و دهۆکیش بەپلەی دوەم و سێیەم دێن بەڕێژەی (30.2%) و (17.3%). کە ئەمەش هۆکارەکەی بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە پاریزگای هەولێر بەرفراوانترە و ڕێژەی دانیشتوانیش زیاترە بەبەراورد بەپاریزگاکانی دیکە.

خشتەی ژمارە (٥) پێش ئەوەی كۆچ بكەیت لەچ پارێزگایەک نیشتەجێ بویت؟

| پارێزگا | دووبارەکان | ڕێژەی سەدی(٪) |
|---|---|---|
| سلێمانی | 49 | 30.2 |
| هەولێر | 65 | 40.1 |
| دهۆک | 28 | 17.3 |
| هەڵەبجە | 12 | 7.4 |
| کرکوک | 8 | 4.9 |
| کۆی گشتی(سەرجەم) | 162 | 100.00 |

**سەرچاوە: خشتەکە ئامادەکراوە لە لایەن توێژەرانەوە، بە پشتبەستن بە فۆرمی ڕاپرسی**

6. **ئەو وڵاتەی گەنجەکان کۆچیان بۆ کردوە:** لە خشـــتەی ژمارە (٦) ئەوەمان بۆ دەردەخات کە وڵاتەی بریتانیا بە پلەی یەکەم دێت کە کەنجەکان کۆچیان بۆ کردوە بە ڕێژەی (39.51٪) ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە لە وڵات بریتانیا تاڕادەیەکی باش ئازادی هەیە لە ئەنجامدانی دروشـــمە ئاینیەکان و نەریتە کۆمەلایەتیەکان و ئاسانكاری زۆر هەیە بۆ پیدانی ڕەگەزنامە و سەرەڕایی هەبونی هەلّی كار و چەندین ئاســـانکاری تر، و وڵات ئەڵمانیا بە پلەی دوەم دێت بە ڕێژەی ( 24.07٪) ئەمەش هۆکارە ســـەرەکیەکە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە ئەڵمانیا بە یەکێک لە وڵات پیشـــەســـازیە پیشـــکەوتووکان هەژمار دەکرێت کە پێویستی بەردەوامی هەیە بە دەستی کار، بە واتایی ئەوەی دۆزینەوەی هەلّی کاری زۆرە بۆێی زۆربەی کۆچبەران کۆچ بۆ ئەم وڵاتە دەکەن.

خشتەی ژمارە (٦) ئەو وڵاتەی گەنجەکان کۆچیان بۆ کردوە

| وڵات | دووبارەکان | ڕێژەی سەدی(%) |
|---|---|---|
| ئەمریکا | 12 | 7.41 |
| بەریتانیا | 64 | 39.51 |
| ئەڵمانیا | 39 | 24.07 |
| فەرەنسا | 19 | 11.73 |
| سوید | 13 | 8.02 |
| نەرویج | 4 | 2.47 |

| | | |
|---|---|---|
| هیدیکە | 11 | 6.79 |
| کۆی گشتی(سەرجەم) | 162 | 100.00 |

**سەرچاوە: خشتەکە ئامادەکراوە لە لایەن توێژەرانەوە، بە پشتبەستن بە فۆرمی ڕاپرسی**

7. **ڕێگای کۆچکردن ( یاسـایی، نایاسـایی):** بێگومان لە هەر وڵاتێک کە گەنج و لاوەکان بڕیاردەدەن کۆچ بکەن ئەوەش دو ڕێگا لە بەردەمیانە یان بە شێوەیەکی یاسایی کۆچ دەکەن، و بەپێی سیستەمێکی دیاریکراو و بە چاودێری وڵات و بەپێی چەندین مەرج و ڕێنمایی، کە بەشـێکی زۆری گەنجەکان بەو ڕێنمایی و مەرجانە ڕازی نین، بۆیە ڕێگای دوەم هەڵدەبژێرن کە ڕێگای (نایاسـایی و قاچاغ ) دور لە ئاگایی حکومەت، و لە خشـتەی ژمارە (7)دا ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە کە لە نێوان بژاردەی توێژینەوەکە، کە (162) بژاردەیە، لە (74.69%) گەنجەکان بە ڕێگای نایاسـایی کۆچی دەرەوەیان کردوە بەراورد بە ڕێژەی (25.31%) بەڕێگای یاسایی کۆچی دەرەوەیان کردوە.

خشتەی ژمارە (٧) ڕێگای کۆچکردن ( یاسایی، نا یاسایی)

| ڕێگای کۆجکردن | دوبارەکان | ڕێژەی سەدی(%) |
|---|---|---|
| یاسایی | 41 | 25.31 |
| نایاسایی (قاچاغ) | 121 | 74.69 |
| کۆی گشتی(سەرچەم) | 162 | 100.00 |

**سەرچاوە: خشتەکە ئامادەکراوە لە لایەن توێژەرانەوە، بە پشتبەستن بە فۆرمی ڕاپرسی**

## دوەم: شـیکردنەوەی هۆکارەکانی ( پاڵنەرەکانی) کۆچکردنی گەنجان و لاوان بۆ دەرەوەی وڵات ( ئابوری، کۆمەڵایەتی، ڕامیاری)

کۆچکردن دەرەنجام و کاریگەریی هەیە، لەسـەر وەڵاتی دایک و کۆچبۆکراو، بۆ نمونە لە ڕوی دانیشـتوانەوە کۆچکردن دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە ڕێژەی هەمەجۆری، چونکە کۆچکردن دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە دابەشـبونی دانیشـتوان، هەروەها دەبێتە هۆی زیادبونی ژمارەی گەنجان و لاوان لە وڵاتە نوێیەکە و کاریگەریی دەبێت لەسـەر ڕێکخسـتنی پیکهاتەی تەمەن، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبونی ڕێژەی گەنج و لاوان لەولاتی کۆچ بۆکردو و لە هەمـانکـاتـدا وڵاتی بنەڕەت ئەم جۆرە سـەرمـاییە مرۆییە لەدەسـتدەدات، ئەمەش وا دەکات ڕێکخسـتنی تەمەنی بگۆڕێت بەپێی ژمـارەی گەنجی بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن و کارا.

هەروەها کۆچکردن تەنیا نابێتە هۆی گۆڕانی ژمارەی دانیشتوان، بەڵکو کاریگەریی هەیە لەسەر فراوانبون و سروشتی خاکەکانیش، کە چالاکیەکانیان لەسەر ئەنجام دەدەن یان بەکاری دەهێنن. هەروەها دەبێتە هۆی گۆڕانکاریی پیشەیی و بەهرەکەی، چونکە زۆربەی کات کۆچکەر پیشە و کاری خۆی دەگۆڕێت، کە لێی ڕاهاتبو لە وڵاتی بنەڕەتی(نیشتیمان) خۆی، هەروەها لەوانەیە دانیشتوانە بنەڕەتییەکان (خانەخوێ) پیشەیان بگۆڕن بەهۆی کۆچکەرە نوێیەکان. (رشید، ٢٠٠٠، ٤٠). و لە ڕوی ئابورییەوە، کۆچکردن کاریگەریی لەسەر وەبەرهێنانی سامانە سروشتییەکان لە وڵاتانی وەرگردا هەیە، و وایان لێدەکات دەستی کاری نوێ بەدەستبهێنن، چونکە کۆچکەران بە زۆری بە ڕەگەز نێرینەن، کە لە تەمەنی کار و توانستی بەرهەمهێنانن، هەروەها کۆچکردن دەبێتە هۆی جوڵانی سەرمایە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە و گۆڕانکاری باری ئابوری، ئەمەش کاریگەریی خراپی لەسەر ناوچەکانی دەرکردن دەبێت، چونکە دەستی کار تێیدا نزم دەبێتەوە، و نرخی تایبەت بە شتومەک و کاڵا وخزمەتگوزارییەکان بەرزدەبێتەوە یان کەمدەبێتەوە، بە هەمان شێوە نرخی زەوییە کشتوکاڵییەکان و نرخی خانوبەرە دەگۆڕێت. سەرەڕای ئەوەش لەدەستدانی سەرمایەی مرۆیی زیان بە باری دارایی و زانستی و تەکنیکی دەگەیەنێت بۆ ئەو وڵاتەی کۆچکەران ڕەوانە دەکەن، واتە ئەو خەرجی و کارگوزارییە لەدەستدەدەن کە لە بواری پەروەردە و فێرکردن و ڕاهێنان و مەشقکردن تەرخانیان کردبو، هەروەها ناتوانن هەلی کاریان بۆ بڕەخسێنن لە کاتێکدا وڵاتە بیانییەکان باوەش بەو سەرماییە مرۆییە دەکەنەوە و هەلی کار و خزمەتکاریان بۆ دەرەخسێنن. (مرزوق، ٢٠١٠، ١٢٩).

ئێمە لە ڕێگەی داتاکانی خشتەی(8 – 9 – 10)، شیکردنەوەی زیاتری هۆکارەکانی (پاڵنەرەکانی ) کۆچکردنی گەنجان ولاوان بۆ دەرەوەی وڵات (ئابوری، کۆمەڵایەتی، ڕامیاری) دەکەین:

### 1. هۆکارە(پاڵنەرە) ئابورییەکانی کۆچکردنی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات

دەکرێت بڵێین: کە کۆچکردن کاریگەریی گەورەی هەیە لەسەر کۆمەڵگە و نیشتیمان، هەروەکو زانیارییەکان وداتاکان دەریدەخەن کە توێژەرەکان لە ڕێگەی داتاوە دەریانخستوە لە خشتەی ژمارە(8)دا، زۆربەی بەشداربوانی نمونەکە جەختیان لەوە کردەوەتەوە کە یەکێک لە دەرئەنجامە بنەڕەتییەکانی کۆچکردن لەسەر کۆمەڵگەی بنەڕەتی(نیشتیمانی) ئەوەیە، کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئەگەری پێشکەوتنی کۆمەڵگە و لەدەستدانی سامانی مرۆیی، چونکە گەنجان، لاوان یەکێکن لە گرنگترین پێکهاتەکانی کۆمەڵگە و پێویستە دەسەڵات پشتیان پێببەستێت، و سود لە تواناکانیان ببینێت بۆ پەرەسەندن و گەشەپێدان و بنیاتنانی کۆمەڵگە و وڵاتێکی گەشەسەندو، بەڵام کاتێک گەنجان و لاوان کۆچ دەکەن کۆمەڵگە و دەسەڵات یەکێک لە گرنگترین جۆر و بە بەهاترین سەرمایەی مرۆییان لەدەستدەدات، بۆیە ئەمە

کاریگەریی نەرێنی دەبێت لەسـەر کۆمەڵگە وخاک و نیشـتیمان. هەروەک لە داتاکاندا تێبینی دەکرێت کە لە (٧٥٪)ی نمونەی توێژینەوەکە وەڵامیان داوەتەوە، یەکێک لە کاریگەرییە ئابورییەکانی کۆچکردن لەسـەر کۆمەڵگە کەمبونەوەی دەستی کار و نزمبونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانە، هەروەها توێژینەوەکە تێبینی کردوە کە کاریگەرییەکی دیکەی بریتییە لە کەمبونەوەی توانا و لێهاتویی زانسـتی و سـەرمایەی مرۆیی لە ناو کۆمەڵگەدا، چونکە بواری کارکردنی هەندێک لە کۆچکەرەکان لە بواری پزیشـکی یان پەروردە و فێرکردن و ئەندازیاری و پیشەیی و هونەری...هتد. هەروەها ئەمەش جەخت دەکاتەوە، کە مەترسیدارترین کۆچکردن کۆچکردنی سـەرمایەی مرۆیی(بلیمەت و شـارەزایەکانە) هەروەها هیچ گومانێکی تێدا نییە، کە ئەم توێژە گرنگییەکی زۆریان هەیە لە پەرەپێدان و گەشـەپێدانی کۆمەڵگە بە بەکارهێنانی توانا و بەهرەکانیان، یەکەم هۆکار بریتی بو لە ئارەزوی بەدەستهێنانی کار، کە ئەمە وەڵامی هەمو بەشداربوانی نمونەکە بو بە ڕێژەی (62.35٪)، و لە پلەی دوەم یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی کۆچکردن کەمتەرخەمی حکومەتە بەرانبەر لاوان، و دابین نەکردنی پێداویسـتییەکان و نەڕەخسـاندنی هەلی کار بە ڕێژەی (6%)، هەروەها بە ڕێژەی (50%)ی نمونەکە بۆ مسـۆگەرکردنی داهاتوی خۆیان و خانەوادەکەیان بوە، و لەلایەکی دیکەشـەوە (58.68%)ی نمونەی توێژینەوەکە ڕایانگەیاند، کە پاڵنەرە سـەرەکییەکانیان بۆ کۆچکردنیان بۆ دەرەوەی وڵات لە پێناو بنیاتنانی کلتورێکی تاکەکەسی لە بوارە جیاوازەکانی وەکو چێژ وەرگرتن و ئارازوی کەسی و پێشـکەوتن و ئەو جیهان بینیە تازەیە بوە. لە کاتێکدا (62%)ی نمونەکە دڵنیایان کردوەتەوە کە هۆکاری سەرەکی سود وەرگرتنە لە (ئامرازە زانستییە هاوچەرخەکان) کە لە دەرەوەی وڵات ڕەخساون، هەروەها (58%)ی وەڵامەکانیان بریتی بون لەباشـکردنی بارودۆخی ئابوری و خۆشـگوزەرانی بۆ ئەوەی ببێتە بەڵگەو پاساوی سەرەکی بۆ کۆچکردنی گەنجان و لاوان بۆ دەرەوەی وڵات.

خشتەی ژمارە (٨) هۆکارە(پاڵنەرە) ئابوریەکانی کۆچکردنی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات

| ژمارە | هۆکارەکە(پاڵنەرە) ئابورییەکان | لەگەڵی دام | | لەگەڵیدا نیم | | بێ لایەنەم | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دوبارەکان | ڕێژەی سەدی (%) | دوبارەکان | ڕێژەی سەدی (%) | دوبارەکان | ڕێژەی سەدی (%) | | |
| 1 | بەهۆی نەبونی هەلی کار | 101 | 62.35 | 27 | 16.67 | 34 | 20.37 | 2.41 | 0.69 |
| 2 | داهاتەکەم کەمدیکە بو لە خەرجییەکانی ڕۆژانەم | 101 | 62.35 | 35 | 21.60 | 26 | 16.05 | 2.46 | 0.57 |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 3 | بەرزی خۆشگوزەرانی ئابوری تاک لە وڵاتە پێشکەوتوەکان | 94 | 58.02 | 34 | 20.99 | 34 | 20.99 | 2.37 | 0.66 |
| 4 | بونی هەلی کار لەگەڵ توانا و کارامەییم دەگونجێت | 95 | 58.64 | 30 | 18.52 | 37 | 22.84 | 2.36 | 0.69 |
| 5 | بونی گەندەڵی ئابوری لە هەرێمی کوردستان | 106 | 64.81 | 20 | 12.35 | 36 | 22.22 | 2.41 | 0.73 |
| تێکڕای کۆی گشتی(سەرجەم) ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوانەیی | | | | | | | | 2.4 | 0.66 |

**سەرچاوە: خشتەکە ئامادەکراوە لە لایەن توێژەرانەوە، بە پشتبەستن بە فۆرمی ڕاپرسی**

## 2. هۆکارە (پاڵنەرە) کۆمەڵایەتییەکانی کۆچکردنی گەنجان و لاوان بۆ دەرەوەی وڵات

سەرەڕای ئەوەی کاریگەریەکانی کۆچکردن سنوردار نییە بە لایەنی ئابوری و ڕامیاری، بەڵکو کاریگەریی هەیە لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتیش، چونکە کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆچکردن زۆرن، کۆچکردن بۆ شوێنێکی دیکەی دور لە نیشتیمان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان دەپچڕێن لەگەڵ خزم و کەسوکار، کۆچکەر لەوانەیە دەستبەرداری زۆربەی پابەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ببێت. بەم شێوەیە سودەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لەدەستدەدات، چونکە ئەو وڵاتەی کۆچی بۆ دەکرێت هیچ لەم تایبەتمەندییانەی نییە، و بەهۆی سەرقاڵی کۆچکەر بە کار و ژیانی نوێی گرنگیدانی بە پەیوەندیی هێشتنەوەی لەگەڵ خزم و کەسوکاری کاڵ دەبێتەوە، هەروەها کۆچکەر لەم وڵاتەی کۆچی بۆ دەکات شوێن و پێگەی کۆمەڵایەتیی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەدەست ناهێنێت لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیە نوێیە. دابڕانی کۆچکەر لە کۆمەڵگەدا و سەرنجە سەرەکییەکانی، و جیابونەوەی لە کۆمەڵگەیەی لێی هاتوە لەوانەیە وای لێکبات شوێنێکی نوێ لە کۆمەڵگە نوێیەکان داگیربکات، هەروەها خۆی لەم پێگەیە دابنێت، کە لە کۆمەڵگە نوێیەکە کاری تێدا دەکات، چونکە ناچارە واز لەداب ونەریتە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی بهێنێت و پێگەی کۆمەڵایەتی کاڵ بکاتەوە، جێگیربون تێیدا پرۆسەیەکی خێرا و ئاڵۆز دەبێت. جگە لەمەش کۆچکەران توشی ڕوبەڕوی ئاستەنگی کلتوری و زمانی و ڕەگەزی و ئایینی و ڕامیاری ببنەوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی لە گۆشەگیریدا بژین، و فشاری دەرونی و کۆمەڵایەتییان بکەوێتە سەر. (سهل، ٢٠١١، ٦٥).

هەروەها یەکێک لە کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆچکردن پرۆسەی گونجانی کۆمەڵایەتییە، بە هۆی جیاوازیی کلتور و نەریتەکان، بە تایبەتیش نەریتە ئاینییەکان، تێبینی دەکرێت هەندێک لە کۆچکەر دەستبەرداری داب و نەریتەکانیان نابن، و هەندێکی دیکە لە داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانیان دور

دەكەونەوە، ئەمەش كرداری خۆ گونجاندن ئەستەم دەكات لەو وڵاتەی كۆچی بۆ دەكەن. هەروەها ڕەنگە نائارامی دەرونی دروست ببێت بە تایبەتی لە نێوان منداڵاندا، چونكە دایك و باوكیان لە بارودۆخێكی دەرونی پەستێنەر و گۆشەگیردا دەژیێن بە هۆی ئەو داب و نەریتانەی لە ناخیاندا چەسپاوە، بەڵام منداڵەكان توشی سەرلێشێواوی دەبن لە نێوان داب و نەریتی خێزانیان و داب و نەریتی ئەو وڵاتەی تێیدا دەژیێن، جگە لەمەش زۆر جار ئەو شارو گەڕەكانەی كۆچیان بۆ دەكرێت قەرەباڵغ دەبن، و ئەمەش كێشەی زۆری لێدەكەوێتەوە، وەكو تاوان و لادان، هەروەها كێشەی كۆمەڵایەتیی زۆر، بۆیە كۆچكردن كاریگەریی زۆرە لەسەر ئەو وڵاتەی وەریان دەگرێت و ئەو وڵاتەی دەیان نێرێت، كاریگەرییەكان لە چەندین بواری جیاوازدان وەكو كۆمەڵایەتی و ئابوری و كلتوری ڕامیاری و پێكهاتەی دانیشتوانی.

خشتەی ژمارە (٩) هۆكارە (پاڵنەرە) كۆمەڵایەتییەكانی كۆچكردنی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات

| ژمارە | هۆكارە(پاڵنەرە) كۆمەڵایەتیەكان | لەگەڵی دام | | لەگەڵیدا نیم | | بێ لایەنەم | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دوبارەكان | ڕێژەی سەدی (%) | دوبارەكان | ڕێژەی سەدی (%) | دوبارەكان | ڕێژەی سەدی (%) | | |
| 1 | چاولێكردنی هاورێكانم | 74 | 45.68 | 30 | 18.52 | 58 | 35.8 | 2.06 | 0.85 |
| 2 | چاولێكردنی خزم و ناسیاوەكانم | 74 | 45.68 | 27 | 16.67 | 61 | 37.65 | 2.06 | 0.89 |
| 3 | بێزاربون لە هەڵسوكەوتی كۆمەڵەكەم | 96 | 58.64 | 26 | 15.43 | 40 | 24.69 | 2.31 | 0.79 |
| 4 | ئارەزوكردن بە تێكەڵاوبون بە كۆمەڵە پێشكەوتوەكان | 76 | 46.91 | 39 | 24.07 | 47 | 29.01 | 2.18 | 0.73 |
| 5 | بونی گەندەڵی كۆمەڵایەتیی خزم خزمێنە | 84 | 51.85 | 33 | 20.37 | 45 | 27.78 | 2.24 | 0.74 |
| 6 | گەیشتن بە كەسوكارم لە دەرەوەی وڵات | 71 | 43.21 | 34 | 20.99 | 57 | 35.19 | 2.07 | 0.81 |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 7 | نەبونی دادپەروەری لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا | 98 | 60.49 | 28 | 17.28 | 36 | 22.22 | 2.38 | 0.68 |
| تێکڕای کۆی گشتی(سەرچەم) ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوانەیی | | | | | | | | 2.18 | 0.78 |

**سەرچاوە:** خشتەکە ئامادەکراوە لە لایەن توێژەرانەوە، بە پشتبەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

هەروەک لە داتاکانی خشـــتەی ژمارە (9) تێبینی دەکرێت کە لە (60.49٪)ی نمونەی توێژینەوەکە وەڵامیان داوەتەوە، یەکێک لە کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆچکردن لەسەر کۆمەڵگە نەبونی دادپەروەریە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا بەتایبەتی لەکاتی دامەزراندن یان نەڕەخســـاندنی هەلی کار بەشـــێوەیەکی دادپەروەرانە و لایەنگیری پارتە ڕامیارییەکان، کە ڕۆلی کارایان هەیە لە دامەزراندن و دۆزینەوەی هەلی کاردا. و لە پلەی دوەم یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی کۆچکردن بێزاربون لە هەڵسوکەوتی ناتەندروستی کۆمەڵگە لە بوارە نەریتە کۆنەکانـدا، بە ڕێژەی (58.64٪)، هەروەهـا بە ڕێژەی (45.68٪)ی نمونەکە بۆ کاریگەری چاولێکردنی هاوڕێ خزم و ناســـیاوەکانیان بوە، و لەلایەکی دیکەشـــەوە (43.21٪)ی نمونەی توێژینەوەکە پێی نیشـــان داین، کە پاڵنەرە ســـەرەکییەکانیان بۆ کۆچکردن بۆ دەرەوەی وڵات لە پێناوی گەیشتن و شادبونەوە بە کەسوکار لە دەرەوەی وڵات، جێگای ئاماژە پێدانە هەر وەکو نمونەی توێژینەوەکە دەریخســـتوە، کە کۆچکردن چەندین کاریگەریی کۆمەڵایەتی هەیە لەســـەر تاک یان کۆمەڵگە بۆ نمونە لاوازبون وکـاڵبونەوەی پەیوەنـدیی خێزانی بە تـایبەتی ئەگەر ئەو گەنج و لاوانەی بەبێ خێزانەکەی کۆچ بکات، کە دەبێتە هۆی پچڕانی پەیوەندیی خێزانی نێوان ئەندامانی خێزانەکەی، هەروەها یەکێک لە خواســتی کۆچکەر بەدەستهێنانی ئازادیە دەدات بۆ گەنجان و لاوان، کە ئەمەش وادەکات خێزان و کەسوکاری نەتوانن دەســـت لە ژیانیان وەربدەن، یان ئاڕاســـتەیان بکەن، هەروەها پابەندنەبون بەو داب و نەریتانەی، کە لە کۆمەڵگەکەیدا پێی ئاشـنا ببو، چونکە بە کۆچکردنی لەوانەیە داب و نەریتەکان هێزیان لەدەســتبدەن و کاڵ ببنەوە، و هیچ فشـارێک نەخەنە ســەر ژیانی لە دەرەوەی وڵات. ئەم ئەنجامانە هاوڕان لەگەڵ توێژینەوەی "مەســـعود طفطاف" و توێژینەوەی "عبدالغنی غانم" چونکە یەکێک لە کاریگەرییەکان بریتییە لە ترازانی خێزان و لاوازبونی پەیوەندیی خێزانی و کۆمەڵاییەتی کۆچکەر.

### 3. هۆکارە (پاڵنەرە) ڕامیارییەکانی کۆچکردنی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات

بێگومان هۆکاری ڕامیاریش کاریگەری و ڕۆلی خۆی هەبوە لەســەر دیاردەی کۆچکردنی گەنجانی هەرێمی کوردستان،وەکو ئەوەی لە خشتەی ژمارە (10) ڕونکراوەتەوە، تێبینی دەکرێت لە پلەی یەکەمدا بە ڕێژەی (82.09٪)ی نمونەی توێژینەوەکە وەڵامیـان داوەتەوە، یەکێـک لە کـاریگەرییە ڕامیـارییەکـانی

کۆچکردن زاڵبونی تاکە حیزبێک لە هەر پارێزگایەکدا و نائومێد بونی گەنجان لە سیستەمی ڕامیاری و دەسەڵاتی حکومەت و دەزگاکان و حیزبە ڕامیارییەکان و سەرکردەکان و کۆی کایە ڕامیاری و کارگێڕییەکە، کە ناتوانێت چاکسازی ڕاستەقینە بکات و گەندەڵی نەهێڵێت و حکومەتێکی دادپەروەرەو چاکسازو خزمەتگوزار بۆ هاووڵاتی‌ان فەراهەم بکات. و لە پلەی دوەم یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی کۆچکردن نەبونی ئازادی ڕادەربرینە بە ڕێژەی (70.99٪)، هەروەها بە ڕێژەی (70.37٪)ی نمونەکە بۆ سەرسامبونی کەنجەکان بە سیستەمی ڕامیاری و دیموکراسی وڵاتانی ڕۆژئاوا دەگەڕێتەوە، و لەلایەکی دیکەشەوە (69.75٪)ی نمونەی توێژینەوەکە ڕایانگەیاند، کە پاڵنەرە سەرەکییەکانیان بۆ کۆچکردنیان بۆ دەرەوەی وڵات بونی گەندەڵی ڕامیاری لە هەرێمدا.

خشتەی ژمارە (١٠) هۆکارە (پاڵنەرە) ڕامیارییەکانی کۆچکردنی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات

| ژمارە | هۆکارە(پاڵنەرە) ڕامیارییەکان | لەگەڵی دام | | لەگەڵیدا نیم | | بێ لایەنم | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پیوانەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دوبارەکان | ڕێژەی سەدی (%) | دوبارەکان | ڕێژەی سەدی (%) | دوبارەکان | ڕێژەی سەدی (%) | | |
| 1 | نەبونی ئازادی ڕادەربرین | 115 | 70.99 | 22 | 13.58 | 25 | 15.43 | 2.56 | 0.56 |
| 2 | سەرسامبون بە سیستەمی ڕامیاری و دیموکراسی وڵاتانی ڕۆژئاوا | 114 | 70.37 | 14 | 8.84 | 34 | 20.37 | 2.49 | 0.70 |
| 3 | بونی گەندەڵی ڕامیاری لە هەرێمدا | 113 | 69.75 | 20 | 12.35 | 29 | 17.9 | 2.52 | 0.61 |
| 4 | زاڵبونی تاکە حیزبێک لە هەر پارێزگایەکدا | 133 | 82.09 | 22 | 13.58 | 07 | 4.32 | 2.53 | 0.59 |
| تێکڕای کۆی گشتی(سەرجەم) ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پیوانەیی | | | | | | | | 2.52 | 0.61 |

**سەرچاوە:** خشتەکە ئامادەکراوە لە لایەن توێژەرانەوە، بە پشتبەستن بە فۆرمی ڕاپرسی

بۆیە دەکرێت بڵێین: هۆکاری ئابوری و کلتوری و کۆمەڵایەتیش هەیە، کە توێژەرەکان ئاماژەیان بۆ کردون، و بە جۆرێک دەبن بە هۆی کۆچکردن بۆ دەرەوەی وڵات، گەنجەکان بیریان کردوەتەوە کاری شیاو بەدەستبهێنن، و بارودۆخی ئابورییان باشتربکەن، هەروەها داهاتوی خێزانیان جێگیربکەن. ئەم

فاكتەرانە بریتی بون لە گەڕان بەدوای بارودۆخی باشـــتری ئابوری بە ڕێژەی (11.60%)و هەژاری (30%)و بەدەستهێنانی داهاتێكی بەرزتر، كە گرنگیی گەیشتە ڕێژەی (10.6%) لە كاتێكدا گرنگیی بێكاری گەیشـــتە (8%) لە كۆی نمونەكان، هۆكاری كۆمەڵایەتیش لە پلەی دووەمی گرنگیدا هات بە یەكێک لە هۆكارەكانی كۆچكردن بە نزیكەی (28%).

## دەرەنجام و ڕاسپاردەكان

### یەكەم: دەرەنجامەكان

دەكرێت گرنگترین دەرەنجامەكان بخرێنە ڕو لەژێر ڕۆشـــنایی شـــیكردنەوەی ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەكە پێی گەیشت بەم شێوەیەی خوارەوە:

1. ئارەزوی كۆچكردنی نێودەوڵەتی زیادی كردوە لە ماوەی ڕابردو بە هۆی بارودۆخی خراپی ئابوری و دارایی لە كوردستان و عێراقدا، بە تایبەتی دوای ساڵی (٢٠١٤).
2. ڕێژەیەكی زۆر لە كۆچكەرانی نمونەكە گەنج و ســـەڵتن بەهۆی پابەندنەبونی كۆمەڵایەتی و توانای بەرگەگرتنی ناخۆشـــی و بەربەســـتەكان لە ڕێگەی كۆچكردن، و ئەو ناخۆشـــیانەی كە لە وڵاتەی كۆچ بۆكراو ڕوبەڕویان دەبنەوە.
3. پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆ لەنێوان كۆچكەران و ئاستی خوێندن و گەنجان هەیە، ئەمەش بەهۆی نەبونی هەلی شیاو و نەدانی ماف بۆ هەمو خوێندەوارێک، كە كارێكی شیاو بە داهاتی مسۆگەر ئەنجام بدات بەپێی ئەو ساڵانەی، كە بۆ خوێندن و پەروەردە تەرخانی كردوە.
4. گرنگترین دەرەنجام كە پێی گەیشتوین پەیوەستە بە هۆكارەكان یان پاڵنەرەكانی كۆچكردن، كە كورت دەكرێنەوە لە هۆكاری ئابوری بە شـــێوەیەكی ســـەرەكی، پاشـــان هۆكاری كۆمەڵایەتی و هۆكاری ڕامیاری، ئەمەش گریمانەی توێژینەوەكە دەسەلمێنێت.

### دووەم: ڕاسپاردەكان

توێژینەوە دەستەیەک ڕاسپاردە لە ژێر ڕۆشنایی دەرەنجامەكان پێشكەش دەكات، بۆ كەمكردنەوەی ئەم دیاردەیە:-

1. سازدانی سیمینار و خول بۆ ڕونكردنەوەی مەترسییەكانی كۆچكردن لە ڕێگەی دەزگا پەروەردەیی و كۆمەڵایەتییەكان، هەروەها لە ڕێگەی تۆڕە كۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەكان، بۆ هاندانی پەنابەران بۆ گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان و بەكارهێنانی ئەزمون و تواناكانیان لەخزمەتكردنی وڵاتەكەیاندا.
2. ڕەخســـاندنی هەلی كاری گونجاو بۆ گەنجان بە تایبەتی بێكاران بەپێی توانا و بواری لێهاتوییان و بە موچەی شیاو.

3. هەوڵدان بۆ گرنگیدان بە کۆمەڵەی گەنجان و ڕاکێشـــانیان بۆ ســـودوەرگرتن لەتواناکانیان، بە تایبەت حکومەت و ڕێکخراوە ڕامیارییەکان دەبێت گرنگی بەم بەشـــە بدەن" چونکە گرنگترین ســـەروەت و سامانی کۆمەڵگەن، کۆمەڵگە دەبێت بنیاتیان بنێت و پەرەیان پێبدات.
4. دەبێت کاربەدەســـتانی کۆمەڵگە بارودۆخی ئابوری چارەبکەن، چونکە هۆکاری ســـەرەکی کۆچکردنە، ئینجا لە ڕێگەی قەرزدان بێت بە گەنجان بۆ وەبەرهێنان لە پرۆژەی بچوک، کە پەرە بە توانایان دەدات و کۆمەڵگە بنیات دەنێت، هەروەها بەرزکردنەوەی ئاســتی بژێوی خێزانەکان، بۆ ئە چینانەی کە توانای زانستی و پەرەوردەییان لە کۆمەڵگەدا هەیە.
5. دابینکردنی بنکەی زانیـاری و داتـا دەربـارەی کۆچکردنی نێودەوڵەتی لە هەرێم، و پێکهێنـانی تیمی توێژینەوە بۆ بەدواداچونی گۆڕانکارییەکان لە ڕەوتی کۆچکردنی نێودەوڵەتی بە شـــێوەیەکی بەردەوام و دیاریکردنی هۆکارەکانیان بە ئامانجی چارەسەرکردنیان.
6. چونکە هۆکاری سەرەکی کۆچکردن فاکتەری ئابورییە، بۆیە دەبێت کەم بکرێتەوە لە ڕێگەی:

أ. هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی قەیرانی دارایی و ئابوری هەرێم لەســـەر چینی هەژار و ناوەند، کە بە شێوەیەکی نەرێنی کاریگەریی هەیە لەسەر مافی بەدەستهێنانی ژیانێکی شیاو.

ب. چـالاککردنی چـالاکی ئـابوری لە کەرتی بەرهەمهێنی جۆراوجۆر، بە مەبەســـتی هەمەچەشـــنکردنی ســـەرچاوەکانی داهات لە هەرێمی کوردســتان و عێراقدا، بۆ ئەوەی ئابوری هەرێم بەم شـێوە گەورەیە نەکەوێتە ژێر کاریگەریی بەرزی و نزمی نرخی نەوت، کە کاریگەریی نەرێنی بەسەر کەرتە جیاوازەکان هەیە.

ج. هەوڵی جدی بدرێت بۆ نەهێشتنی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی لە لایەن حکومەتی هەرێم.

7. چالاککردنی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە خســـتنەڕوی مەترســـی و زیانەکانی کۆچکردن، هەروەها هەوڵبدرێت متمانە بدرێت بە ئەو فەرمانبەر و خەڵکەی ئارەزوی کۆچکردنیان هەیە ســـەبارەت بە ئایندەی ڕامیاری هەرێم لە ڕێگەی چارەکردنی هەمو کێشە ڕامیارییەکانی نێوان پارتە ڕامیارییەکان.

# Analyzing the impacts of the youth migration abroad (empirical study for a sample of young people who have migrated abroad)

**Idrees Sulaiman Abdullah[1] - Muhammed Mustafa braym[2]**

[1]Economic Department, Collage of Administration and economics University of Salahaddin, Irbil, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Chwarqurana Preparatory Mixed School, Raparin General Directorate of Education Ministry of Education Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**
Migration is a social phenomenon that has existed since ancient times, but in different ways and rates according to the economic and social conditions and geographical location of their place Therefore, the aim of this research is to learn more about the phenomenon of youth migration abroad, as well as identify the reasons and incentives that cause migration, what consequences and social and economic impact on society, the research is implemented on a sample of (162) people who had migrated abroad, and the survey form was used as the main tool to collect information about this study through the **Google Form** They are the main reasons for young people to migrate abroad, such as the desire to find work, as well as to improve their financial situation and secure the future of themselves and their families. They also have the opportunity to develop their personality and culture by using the modern educational facilities available in the country they are migrating to. In addition, migration has a significant impact on society, for example, reducing scientific skills in society, which reduces the possibility of development of society, as well as reducing the factors of productivity in society and lower productivity levels.

**Keywords**: Migration, Development, Youth, Kurdistan Region.

## سەرچاوەکان

احمد، مشـهور ابراهيم، ٢٠٠٨، هجرة الكفاءات واثارها السـياسـية والاقتصـادية على الدول النامية. مجلة الحوار المتمدن. محور العولمة وتطور المعاصر. العدد ٢٣٩١. www.ahewar.org.com

البدرانی، عبد الناصـر احمد عبدالسـلام، ٢٠٠٩، هجرة الكفاءات العربية الاسـباب والنتائج،(العراق انموذج)، رسالة ماجستير في العلوم الاقتصادية،الاكاديمية العربية المفتوحة بالدنمارک، کوبنهاجن.

بركان، فائزة،٢٠١٢، اليات التصـــدي للهجرة غير الشـــرعية مذكرة مكملة لنيل شـــهادة المجســـتير في الحقوق،تخصـــص علم الآجرام و العقـاب،جـامعـة الحـاج لخضـــر- بـاتنـة- كليـة العقوق و العلوم السياسية،الجزائر.

حســين، عمر اســماعيل، ٢٠١٢، هجرة الكفاءات العراقية واثرها علي الاقتصــادية الوطني ١٩٩٠-٢٠٠٩، وزارة المالية، الدائرة الاقتصادية، جمهورية العراق، قسم العلاقات الدولية. www.nof.gov.iq.com

الحوراني، غيثان، ٢٠٠٧، ادارة الثروة البشـرية كمنطلق لكبح هجرة الادمغةوالكفاءات في لبنان، مجلة الفاع الوطني اللبناني، العدد ٦٢، تشرين الاول.

رشـــيد، الفيل محمد، ٢٠٠٠، الهجرة وهجرة الكفاءات العلمية العربية والخبرات الفنية او النقل المعاكس للتكنلوجيا، الطبعة الاولى، دار مجدولاي للنشر والتوزيع.

ســهل، مســتورة ســهل جمعة، ٢٠١١، اثر الهجرة الخارجية على التمنية الاقتصــادية بالســودان دراســة تطبيقيةللفترة من (١٩٨٢-٢٠٠٩)، رسالة دكتوراء في الاقتصادية، جامعةالزعيم الازهرى.

عمارة، اميرة محمد، ٢٠٠٣، هجرة العقول واثرها في النمو الاقتصــادي في مصــر , بحوث اقتصــادية عربية، العدد 63، عن الموقع www.khutabaa.com

فوجو، ميســون زكي، ٢٠١٢، إســتراتيجية التنمية البشــرية ودورها في الحد من ظاهرة هجرة الكفاءات العلمية في فلسطين(دراسة حالة قطاع غزة)، رسالة ماجستير في ادارة الاعمال الجامعة الاسلامية - غزة فلسطين.

قويدر، ابراهيم، ٢٠٠٩، فقدان المواهب لصـــالح بلدان اخرى، هجرة العقول العربية، مجلة ليبيا اليوم الالكترونية، عدد ٢٣. www.libya-alyoum.com

مرزوق، نبيل، ٢٠١٠، هجرة الكفاءات واثرها على التنمية الاقتصـادية، جمعية العلوم لاقتصـادية السـورية، ندوة الثالثة العشرون، دمشق. www.mafhoum.com

المخادمي، عبدالقادر رزيق، ٢٠٠٢، هجرة الكفاءات العربية ودوافعها واتجاهاتها، دار هومة للطبع.

محمد، حافظ عمر، ٢٠١١، تحويلات المهاجرين ودورها في الاقتصـاد السـوداني، مجلة افاق الهجرة، العدد الرابع، السنة الاولى.

المنصـوري، محمد عبدالله، ٢٠١٠، هجرة العقول الغربية اسـبابها واثارها الاقتصـادية، جامعة عمر مختار، كلية الآقتصاد، ليبيا، مؤسسة الفكر العربي. www.arabthought.org

نعمة، هاشــــم الكاظمي، ٢٠٠٨، هجرة الكفاءات العلمية العراقية(نظرة تحليلية)، مجلة العراق اليوم، العدد ٧٤٦٣٤.

نعمة، هاشم الكاظمي، ٢٠٠٩، تطور هجرة الكفاءات العراقية، مجلة الحوار المتمدن، العدد ٢٥٩٤.

نعيم، معتز، و مخول، مطانيوس، ٢٠٠٥، تحليل اســــباب الهجرة الدخلية في الجمهورية الســــورية، مجلة جامعة دمشق للعلوم الاقتصادية و القانون، المجلد ٢١، العدد الاول.
www.damasuniversity.edu.sy

ياســــين، عطوف محمود، ١٩٨٤، نزيف الادمغة هجرة الكفاءات والعقول الى دول التكنلوجيا، دار الاندلس، بيروت، لبنان، الطبعة الاولى.

## ئەتەكێتی پرسینەوە

سڵاو...

ئەم ئەنكێتە بە مەبەستی زانستی بەكاردێت، كە توێژەران توێژینەوەیەكی مەیدانی ئەنجام دەدەن لە ژێر ناونیشــــــانی (شــــیكردنەوەی هۆكارەكانی كۆچكردنی گەنجانی بۆ دەرەوەی وڵات "توێژینەوەیەكی مەیدانییە بۆ بژاردەیەك لەو گەنجانەی كۆچی دەرەوەی وڵاتیان كردوە)، جا تكایە وەڵامی ئەم پرسـیارانەی خوارەوە بە وردی بدەرەوە، لە پێناوی بەرەوپێشــچونی ڕێرەوەی زانسـتی لە هەرێمی كوردسـتان، چونكە ئەم توێژینەوە هەوڵێكە بۆ خســـــتنەڕوی هۆكارەكان و دەرئەنجامەكانی كۆچكردنی گەنجان بۆ دەرەوەی هەرێمی كوردستان. سوپاسی هاوكاریتان دەكەین.

**<u>توێژەران</u>**

**ادریس سلێمان عبداللە** **محمد مستەفا برایم**

یەكەم: (زانیاریە سەرەتاییەكان )

1. **ڕەگەز:** نێر ☐ مێ ☐
2. **تەمەن:** خوار 18ساڵ ☐ 18-5 ☐

26-33ساڵ ☐ 34 -41سا ☐ 42-49سـ ☐

50-57ساڵ ☐ سەروو 58ساڵ ☐

3. ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار ☐ سەرەتایی ☐ ناوەندی ☐ دواناوەندی ☐

دبلۆم ☐ بەکالۆریۆس ☐ ماستەر ☐ دکتۆر ☐

4. باری کۆمەڵایەتی: سەڵت(سینگڵ) ☐ خێزاندار ☐

5. پێش ئەوەی کۆچ بکەیت لەچ پارێزگایەک نیشتەجێ بویت؟

هەولێر ☐ سلێمانی ☐ دهۆک ☐ هەلەبجە ☐ کرکوک ☐

6. ئەو وڵاتەی کۆچت بۆ کردوە:

ئەمریکا ☐ بەریتانیا ☐ ئەڵمانیا ☐ فەرەنسا ☐

سوید ☐ نەرویج ☐ چ وڵاتیکی دیکە جگە لەمانە بنوسە ☐

7. کۆچکردنت بۆ دەرەوەی وڵات بەچ شێوەیەک بو؟

یاسایی ☐ قاچاغ ☐

## تەوەرەی دوەم: پاڵنەرە ئابورییەکان

| پرسیارەکان | لەگەڵیدام | لەگەڵیدا نیم | بێلایەنەم |
|---|---|---|---|
| 1. بەهۆی نەبونی هەلی کار | | | |
| 2. داهاتەکەم کەمتر بو لە خەرجییەکانی ڕۆژانەم | | | |
| 3. بۆ باشدیکەکردنی باری ئابوریم لە هەمو ڕویێکی ژیان | | | |
| 4. بەرزی خۆشگوزەرانی ئابوری تاک لە وڵاتی پێشکەوتوەکان | | | |
| 5. بونی هەلی کار لەگەڵ توانا و کارامەیم دەگونجێت | | | |
| 6. بونی گەندەڵی ئابوری | | | |

## تەوەرەی سێیەم: پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان

| پرسیارەکان | لەگەڵیدام | لەگەڵیدا نیم | بێلایەنەم |
|---|---|---|---|
| 1. چاولێکردنی هاورێکانم | | | |
| 2. چاولێکردنی خزم و ناسیاوەکانم | | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 3. بێزاربون لە هەڵسوکەوتی کۆمەڵەکەم | | | |
| 4. ئارەزوکردن بە تێکەڵاوبون بە کۆمەڵە پێشکەوتوەکان | | | |
| 5. بونی گەندەڵی کۆمەڵایەتیی خزم خزمێنە | | | |
| 6. گەیشتن بە کەسوکارم لە دەرەوەی وڵات | | | |
| 7. نەبونی دادپەروەری لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا | | | |

## تەوەرەی چوارەم: پاڵنەرە ڕامیارییەکان

| پرسیارەکان | لەگەڵیدام | لەگەڵیدا نیم | بێلایەنەم |
|---|---|---|---|
| 1. نەبونی ئازادی ڕادەربرین | | | |
| 2. سەرسامبون بە سیستەمی ڕامیاری و دیموکراسی وڵاتانی ڕۆژئاوا | | | |
| 3. بونی گەندەڵی ڕامیاری لە هەرێم | | | |
| 4. زاڵبونی تاکە حیزبێک لە هەر پارێزگایەکدا | | | |